DOI: https://doi.org/10.54809/jkss.vi11.354
گۆڤاری کوردستانیی بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجیی
Copyright © Open access article with CC BY-NC-ND 4.0

# پاڵنەرە کۆمەڵایەتییەکانی کردنی تاوانی دەستدرێژیی سەر پارە و سامان

## توێژینەوەیەکی تیۆریی شیکارییە

م.ی. روستم صابر مصطفی
rostam.mustafa@su.edu.krd

پ. ی. د. زانا احمد بیرداود
zana.perdawd@su.edu.krd

بەشی کۆمەڵناسیی- کۆلیجی ئاداب- زانکۆی سەلاحەدین

**پوختە:**
لەم توێژینەوەیەدا، پرسیی سەرەکیی روونکردنەوەی ئەو پاڵنەرە کۆمەڵایەتیانەیە لەسەر یەکێک لەو تاوانانەی ئەمڕۆ وەکو دیاردەیەکی ترسناک لە کۆمەڵگادا بڵاوبووەتەوە، ئەویش تاوانی دەستدرێژیکردنە سەر پارە و سامانە، وەك: (ژینگەی خێزانیی لێکترازاو، ژینگەی خوێندن و نزمیی ئاستی فێربوون، ژینگەی کار و هاوڕێیی خراپ) کە ئایا ئەبنە هۆی کردنی تاوانی دەستدرێژیی سەر پارە و سامان یان نا؟، لەهەمان کاتدا ئامانجی توێژینەوەکە گەیشتنە بە راستی ئەوەی چ پەیوەندییەك لەنێوان (دزیی، فێڵ و هەڵخەڵەتاندن و ناپاکیی لە ئەمانەت) و تاوانی دەستدرێژیی سەر پارە و سامان هەیە؟ لەم توێژینەوە تیۆریی یەدا ڕێبازی وەسفی شیکارییمان بەکارهێناوە، ئەویش لەبەر رۆشنایی ئاراستە تیۆریی یەکانی وەکو؛ تیۆریی ئەنۆمیی لای (دۆرکهایم) و (میرتۆن)، هەروەها تیۆریی تێکەڵبوونە جوداییەکانی (سزرلاند). لە کۆتایی پشکنین و گەڕانی وردی ئەو توێژینەوەیە و بە پشت بەستن بەو کارە زانستییانەی لەم بوارەدا بەجێهێنراون، توێژینەوەکە بەو ئەنجامە گەیشت کە: (ژینگەی خێزانیی لێکترازاو و پەروەردەی نادروستیی باوان، بەکارهێنانی شێوازی مامەڵەی هەڵە و توندوتیژیی مامۆستا و هەرەشەکردن لە قوتابی لە پرۆسەیی پەروەردە و فێربووندا و، نزمیی ئاستی خوێندن و سەرنەکەوتن لە پرۆسەکەدا، ژینگەی هاوڕێیەتیی و نزیك بوونەوە لە بازنەی هاوڕێیی خراپ و لادەر بە مەبەستی تێرکردنی حەز و ئارەزووەکانیان یان بەدەستهێنانیی ئامانجە ماددییەکانیان، ژینگەی خراپیی کار و جۆر و سروشتیی کارکردن، چونکە نزمیی پێگەی کار و کەمیی کرێکەی بەهۆی پڕنەکردنەوەی پێداویستییە مادییەکانیی مرۆڤ، ئەگەری دەستبردن بۆ کاری ناڕەوا وەک دزیی، فێڵ و هەڵخەڵەتاندن و ناپاکیی لە ئەمانەت ببات- لەگەڵ خراپیی دۆخی دارایی هاووڵاتییان و تێکچون و ناجێگیریی بارودۆخی ئابووری لە کۆمەڵگادا) ئەوانە هەموویان پاڵنەرن بۆ زیادبوونی کردنی تاوانەکانی دەستدرێژیی سەر پارە و سامان.

**کلیلە وشەکان: پاڵنەرە کۆمەڵایەتییەکان، تاوان، تاوانبار، تاوانەکانی دەستدرێژیی سەر پارە و سامان.**

Recieved: 12/11/2023
Accepted: 18/12/2023


E-ISSN: 2790525-X
P-ISSN: 27905268

## پێشەکیی:

لەم توێژینەوەیەدا؛ تیشک خراوەتە سەر پاڵنەرە کۆمەڵایەتییەکان بۆ یەکێک لە جۆرەکانی تاوان، کە ئەویش تاوانی دەستدرێژیی سەر پارە و سامانە لە کۆمەڵگادا، ئەم پاڵنەرانەش بۆ کۆمەڵێک رەوشی جیا جیا ئەگەڕێنەوە، وەکو: ژینگەی خێزانیی لێکترازاو، نزمی ئاستیی خوێندەواریی و سەرنەکەوتن لە خوێندن، خراپیی ژینگەی کار و کەمیی داهاتەکەی، هاوڕێیی لادەر، کە لە پێش هەموویانەوە پراکتیزەکردنی رەفتاریی تاوانیە، چونکە ئەم بارودۆخانە ئامادەسازیی و زە مینە خۆشکەرن بۆ کردنی تاوانەکانی دەستدرێژیی سەر پارە و سامان لە کۆمەڵگادا.

تاوانەکانی دەستدرێژیی سەر پارە و سامان یەکێکە لە دیاردە تاوانییە مەترسیدارەکان لە سەردەمی ئێستادا، کە زۆربەی کۆمەڵگاکان پێوەی ئەناڵێنن، کۆمەڵگای کوردییش لە چوارچێوەی ئەم بازنە مەترسیدارە دەرناچێت، بە شێوەیەک ئەم دیاردە تاوانیەی تێدایە، کاریگەری لەسەر لایەنەکانی کۆمەڵایەتیی، ئابووریی و ئاسایش لەسەر ئاستی تاک، خێزان و کۆمەڵگا ئەبێت. سەبارەت بە تاوانە تۆمارکراوەکان بە پێی ئاماری بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی پۆلیسی هەرێمی کوردستان، دەرئەکەوێت لە ساڵی (٢٠١٣)، تاوانەکانی دەستدرێژیی سەر پارە و سامان وەک دزیی و هەڵسوکەوت لەگەڵ پارەی دزراو ژمارەیان (٢٩٦٧) تاوان بووە، تاوانی فێڵ و هەڵخەڵەتاندن ژمارەیان (٣٠٨٥) تاوان بووە، تاوانی ناپاکیی لە ئەمانەت ژمارەیان (٥٧٤) تاوان بووە، بەڵام لە ساڵی (٢٠١٥) تاوانی دەستدرێژیی سەر پارە و سامان وەک دزیی و هەڵسوکەوت لەگەڵ پارەی دزراو ژمارەیان (٥٢٢٢) تاوان بووە، تاوانی فێڵ و هەڵخەڵەتاندن ژمارەیان (٣٣٥٧) تاوان بووە، تاوانی ناپاکیی لە ئەمانەت ژمارەیان (٧٥٣) تاوان بووە (بیرداود،٢٠١٧، ٧٧)، هەروەها بەڕێوەبەرایەتی گشتیی پۆلیسی هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی (٢٠٢٢) لە کۆنگرەی رۆژنامەوانیی دەریخست، کە لە هەرێمی کوردستان (٥٩٣١) تاوانی دزیی و (٧٩٩١) تاوانی فێڵ و هەڵخەڵەتاندن تۆمارکراوە (١) (ئاماری بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی پۆلیسی هەرێم، ٢٠٢٣)، لەگەڵ ئەوەشدا بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی هەولێر بۆ هەمان ساڵ، لە سنووری پارێزگای هەولێر دەریسختووە کە (٩٤٤٦) کەسی بە تۆمەتی کردنی تاوانیی جیاجیا دەستگیر کردووە، لە نێویشیاندا (٦٩٧) کەس بە تاوانی دزیی دەستگیر کرابوون (سایتی پارێزگای هەولێر، ٢٠٢٣). لە بەراوردکردنی نێوان ئەو ساڵانەی ئاماژەی پێکراوە دەرکەوتووە؛ کە بە رێژەیەکی بەرچاوی ئەو جۆرە تاوانانە زیادیکردووە، ئەمەش بۆ ئەوە ئەگەڕێتەوە هەرێمی کوردستان لە دوای (٢٠١٤)ەوە رووبەرووی کۆمەڵێک بارودۆخیی خراپ و نەخوازراو بووەتەوە، کە بریتیین لە دابەزینی نرخی نەوت لە بۆرسەی جیهانی بە گشتیی و هەرێمی کوردستان بەتایبەتی، قەیرانی ئابووریی، شەڕی داعش لە (٢٠١٤)ەوە، کە بووە هۆی هاتنی ئاوارەکان لە خواروو و دەرەوەی عێراق بۆ هەرێمی کوردستان، لە ئاکامدا دۆخیی ئابووریی گشتیی و تایبەتیی هاووڵاتییان بەرەو خراپیی رۆیشت، بۆیە حکومەتی هەرێمی کوردستان/عێراق نەیتوانی پابەندە داراییەکان بەرامبەر بە مووچەخۆران جێبەجێ بکات، ئەمەش بووە هۆی دواکەوتن و کەمکردنەوەی مووچە بۆ نیوە مووچە، هاوکات لەگەڵ ئەمەشدا بازاڕی ئاڵوگۆڕیی دراو و دۆخی ناجێگیریی بەخۆوە بینی، نرخی کاڵا و پێداویستییەکانی ژیانیی رۆژانەی هاووڵاتییان بە شێوەیەکی بەرچاو بەرز بووەوە، ئەمەش کاریگەریی لەسەر نزمبوونەوەی داهاتیی خێزان و خراپبوونی باری داراییان هەبوو، هەروەها زیادکردنی باج لەسەر کایەکانی پەیوەستدار بە ژیانی هاووڵاتییان، هەموو ئەمانە ئەرکی سەرشانی خەڵک قورستر کرد، بۆیە ئەکرێت بڵێین ئەمانەی ئاماژەمان پێ کردن، رێگەخۆشکەر بن بۆ زیادبوونی کردنی تاوانەکانی دزیی، فێڵ و هەڵخەڵەتاندن و ناپاکیی لە ئەمانەت.

پرسیی سەرەکیی توێژینەوەکە لە پرسیارێکی گشتیی کورتدا بریتییە لەوەی ئایا پاڵنەرە کۆمەڵایەتییەکانی تاوانی

(١) مەبەست لە تاوانی تۆمارکراو، ئەو تاوانانەیە ئاشکرابووە و تۆمارکراوە لە لایەن بەڕێوەبەرایەتی گشتی پۆلیسی هەرێم، بەڵام مەرج نییە تۆمەتبار دەستگیر کرابێت.

دەستدرێژیی کردنە بۆ سەر پارە و سامان لە کۆمەڵگادا چین؟ ئایا ژینگەی خێزانیی، ژینگەی خوێندنی نادروست، ژینگەی کار و جۆرەکانی و هاوڕێیەتیی خراپ، ئەکرێت پەیوەندی بە کردنی تاوانەکانی دەستدرێژیی سەر پارە و سامانەوە هەبێت؟ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە سەرەکییە ئەبێت بە ئامانجی توێژینەوەکەمان، کە ئەمەش گرنگی تیۆریی و پراکتیکیی خۆی هەیە، لە لایەک ئەبێت بە سەرچاوەیەکی زانستیی و مەعریفی بۆ کتێبخانەی کۆمەڵناسیی و یاسا، بەتایبەت بۆ ئەو توێژەرانەی، کە لە بواری تاوان و لادان توێژینەوە ئەکەن، لە رووی پراکتیکییشەوە کۆمەڵێک میکانیزم و پێشنیاز ئەخاتە بەردەم دەستگاکانی چاکسازیی و پۆلیس و ئاسایش, کە بەرپرسن لە پاراستنی ئاسایشی ژیانی ئەندامانی کۆمەڵگە و چاکسازیی تاوانباران، تا بتوانن بە شێوەیەکی درووست رووبەرووی ئەم دیاردە ترسناکە ببنەوە، کە زەرەر و زیان بە پارە و سامانی خەڵک ئەگەیەنێت، بە مەبەستی نەهێشتنی، یان لایەنی کەمی، کەمکردنەوەی ئەو جۆرە تاوانانە.

ئەوەی پەیوەستە بە میتۆدی توێژینەوەکە، وەکو توێژینەوەیەکی تیۆریی شیکاریی پشت بە میتۆدی وەسفیی شیکاریی بەستراوە، بۆ شرۆڤەکردنی زانیارییەکان، ئەویش بە مەبەستی گەیشتن بەو ئامانجانەی، تایبەت بە کاریگەری پاڵنەرە کۆمەڵایەتییەکان لەسەر کردنی تاوانی دەستدرێژیی سەر پارە و سامان روون بکاتەوە..

## یەکەم: دیاریکردن و پێناسەی چەمکەکان:

١- پاڵنەرە کۆمەڵایەتییەکان: ئەو بارودۆخ و رەوشەیە، کە تاک لە سەرەتای لە دایکبوونەوە تا دوا ساتەکانی تەمەنی لە چوارچێوەیدا ئەژی، پێویستی بە پەیوەندیی و مامەڵە و کارلێکە لەگەڵ کەسانی تر لە هەموو قۆناغەکانی ژیانیدا، کە پەیوەستە پێیانەوە، بە پەیوەندییەکیی بەهێز و، تا ئاستێکیی دوور کاریگەریی بەسەر رەفتارەکانیدا ئەبێت(الصغیر، ١٩٩٧، ١٢). هەروەها بریتییە لە کۆمەڵێک بارودۆخ کە پەیوەندیی بە پێکهاتەیی گرووپ و سیستەمەکانییەوە هەیە، بەشدارن لە پێکهێنانی تاک و پەروەردەکردنییان و، کاریگەری روونیان لەسەر رەفتاریی تاک و کۆمەڵگاکەی ئەبێت، ئەو پاڵنەرانەش بریتین لە ژینگەی خێزان، کار، قوتابخانە و هاوڕێیان (حمد، ٢٠٠٨، ١٠٠). یان پاڵنەرە کۆمەڵایەتییەکان بریتیین لەو بارودۆخە کۆمەڵایەتییەی، کە دەوری تاکی داوە و، کاریگەریی لەسەری ئەبێت و چالاکییەکانی بۆ رەفتاری دیاریکراو ئاراستە ئەکات، کە رەنگە لەلایەن کۆمەڵگاوە پەسەند بێت، یان ناپەسەند بێت، ئەمەش لەوانەیە ببێتە هۆی دروستبوونی رەفتاریی تاوان(بیرداود، ٢٠١٧، ١٠). لە پێناسەیەکی تردا، بریتییە لە کۆمەڵێک بارودۆخی کۆمەڵایەتیی کە دەوری تاکی داوە لە کاتی لەدایکبوونییەوە؛ کاریگەریی لەسەر دروستکردنی کەسایەتیی و ئاراستەکردنیی رەفتار هەیە، وەکو: ژینگەی خێزان، هاوڕێیەتیی، کار و کاتی دەستبەتاڵی، جگە لە هۆکارە دیمۆگرافیی و ئابوورییەکان (محمد، ٢٠١٨، ٦٤)، کەواتە پاڵنەرە کۆمەڵایەتییەکان ئەتوانن ژینگەیەکیی لەبار دروست بکەن بۆ کردنی تاوانە داراییە جۆراوجۆرەکان، ئەمەش بەهۆی فشارەکانی وەکو خراپیی بارودۆخی تاک، نایەکسانی و نادادپەروەری کۆمەڵایەتیی، لەدەستدانی خۆشەویستی و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و تێکەڵبوون لەگەڵ گرووپی تاوان.

پێناسەیی توێژەر سەبارەت بە چەمکی پاڵنەرە کۆمەڵایەتییەکان: بریتییە لەو بارودۆخە کۆمەڵایەتییەی کە تاک لە نێویدا ئەژییت، وەکو: ژینگەیی خێزان، قوتابخانە، کار و گرووپیی هاوڕێیان، بە هەموو تایبەتمەندییەکانیان، لە لایەنی ئەرێنیی و نەرێنیی، کە پەیوەندیی راستەوخۆ و ناڕاستەوخۆی بە شێوازی هەڵسوکەوت و رەفتارەکانیی ئەبێت.

٢- تاوان:

لە روانگەی کۆمەڵایەتییەوە؛ تاوان بە بۆچوونی (دۆرکهایم) بریتییە لە هەر کردارێک کە پێچەوانەیە لەگەڵ ئەو

بنەما سەرەکییانەی کۆویژدان پێکئەهێنن (المشیخص، ٢٠٠٥، ١٣). هەروەها (مانهایم) پێی وایە؛ تاوان رەفتارێکی دژ بە کۆمەڵگایە، جا لە رووی یاساییەوە پێچەوانە بێت یان نا Bernard, ١٩٧٩, ١١)). لە روانگەی (سزرلاند)یشەوە تاوان بریتییە لەو کردەوەیەی کە پێچەوانەی نۆرمە کۆمەڵایەتییەکانە و، رووبەرووی سزا ئەبێتەوە، بەهۆی ئەو زیانانەی کە بە بەرژەوەندیی کۆمەڵایەتیی ئەگەیەنن (عزیز و عیساوی، ٢٠٢١، ١٣١)، لە پێناسەکان دەرئەکەوێت بنەمای ئاکاری و ئەو بەها کۆمەڵایەتییانەی لە کۆمەڵگایەکی دیاریکراو باون تاکەکانیش باوەڕیان پێی هەیە، سەرچاوەی سەرەکیی دیاریکردنی ئەو کردارانەیە کە بە رەفتاری تاوان هەژمار ئەکرێت یان بە پێچەوانەوە، ئەکەر دەقی یاساییشی لەسەر نەبێت.

تاوان لە روانگەیی یاساییەوە: بریتییە لەو کردارانەی، کە پێچەوانەی بڕیارەکانیی یاسای سزادانە، یاسای سزادانیش ئەو یاسایانەیە، کە کرداره قەدەغەکراوەکان لەخۆ ئەگرێت(بۆکانی، ٢٠٠٢، ٢٦)، لەم پێناسەیە دەرئەکەوێت دەقی یاسایی بنچینەی دیاریکردنی کرداری تاوانییە.

بەڵام لە دیدیی دەروونناسانەوە: بریتییە لە شێوازێکی هەڵچوونیی رەفتار لەسەر بنەمای نارێکی لە گەشەی دەروونیی و تورەیی و ئاوەزیی (عەقلی) لە ئەنجامی هۆکاری جۆراوجۆر ئەم نارێکییەی لێ دروستبووە و، ئەبێت بە هۆکاری کەموکووڕیی لە هەندێک لایەنی کەسایەتیی(علی، ٢٠١٩، ١٢٧).

کەواتە تاوان: رەفتارێکە پێچەوانەی نۆرمە کۆمەڵایەتییەکان، رێسا و یاساکانە، پەیوەستە بە کەموکووڕیی لایەنی دەروونیی تاک، بە جۆرێک ئەبێت بە هۆکاری بەرهەمهێنانی رەفتاری ریزپەر، لادان و تاوان لە کۆمەڵگادا.

لەژێر رۆشنایی ئەو پێناسانەی پێشتر ئاماژەمان پێ کردن ئەتوانین پێناسەی تاوان بۆ مەبەستی ئەم توێژینەوەیە بکەین بەوەی: ئەو رەفتارەیە کە پێچەوانەی بەها و پێوەرە کۆمەڵایەتییەکانیی کۆمەڵگایە و یاساش قەدەغەی کردووە و، سزاش بۆ بکەرانی دیاریکراوە.

٣- تاوانبار:

لە روانگەی کۆمەڵایەتییەوە تاوانبار بەوە پێناسە ئەکرێت کە ئەو تاکەیە، یاسا و رێساکانی کۆمەڵگای پێشێلکردووە، یان ئەو کەسەیە کە کارێکی نا کۆمەڵایەتیی کردووە، بە واتای هەر کەسێک ئەگرێتەوە، کە سەرپێچیی لە نەریتەکان بکات، یان پێچەوانەی نۆرمە کۆمەڵایەتییەکان هەڵسوکەوت بکات (ربیع و اخرون، ٢٠١١، ٣٩).

بەڵام تاوانبار لە روانگەی یاساییەوە: ئەو کەسەیە، کە کردارێکی کردووە لە رووی یاساییەوە تاوانە(رشوان، ٢٠١٠، ١٢)، یان ئەو کەسەیە، کە بکەری کردەیەکی تاوانییە، بە بڕیاری دادوەر، بەپێی ئەو دەق و مەرجانەی، کە یاسا دیاریکردووە و سەلمێنراوە، کە کەسەکە تاوانبارە؛ بەهۆیەوە سزا ئەدرێت (شاقور، ٢٠١٥، ٨٠).

روانگەی دەروونناسان بۆ تاوانبار بریتییە لەو کەسەی، کە بە شڵەژانی هەماهەنگی و ریتمی پەیوەندییەکانی لەگەڵ کۆمەڵگا ئەناسرێتەوە، ئەگەری هەیە ئەمەش ببێتە هۆی رەفتاریی تاوانی (السراج، ١٩٨٥، ٥٨).

ئەتوانین پێناسەی تاوانبار بۆ مەبەستی ئەم توێژینەوەیە بکەین، کە ئەو کەسەیە پێچەوانەی بەرژەوەندییە گشتییەکانی کۆمەڵگا رەفتارێکی کردووە، یاساش ئەم رەفتارەی بە تاوان دائەنێت و بکەرەکەشی سزا ئەدات بەپێی یاسا سزاییەکان.

٤- تاوانەکانی دەستدرێژیی سەر پارە و سامان:

بریتییە لە تاوانەکانی دزیی، فێڵ و هەڵخەڵەتاندن و ناپاکیی لە ئەمانەت، کە لەلایەن کەسێک ئەکرێت بەهۆی پاڵنەری کۆمەڵایەتیی یان ئابووریی بێت، ئەویش بە ئامانجی دەستکەوتنی ماددیی بە رێگای نایاسایی(عبدالستار، ٢٠١٨، ١٧٩). بە دەربڕینێکی تر؛ تاوانەکانی دەستدرێژیی سەر پارە و سامان، ئەو تاوانەن، کە دەستدرێژیی، یان

هەڕەشـەیەکی مەترسـییە بـۆ سـەر ئـەو مافانـەی، کـە بەهایەکـی داراییـان هەیـە، ئەچێتـە چوارچێـوەی ئـەو مافانـەی هـەر مافێـک، کـە بەهایەکـی ئابووریـی هەبێـت, هـەم ئەچێتـە نێـو بازنـەی مامەڵەکـردن هـەم بەشـداریی لـە دروسـتبوونی پێکهاتـەی دارایـی کەسـەکان ئەکات(حسـنی، ٢٠٠٥، ١١٥-١١٤).

بـۆ مەبەسـتی ئـەم توێژینەوەیـە ئەتوانیـن پێناسـەی چەمکـی تاوانەکانـی دەسـتدرێژیی سـەر پـارە و سـامان بکەیـن، بـەوەی کـە بریتییـە لـەو کردارانـەی، کـە ئەبێـت بـە هـۆکاری دەسـتدرێژیکردن بـۆ سـەر پـارە و سـامانیي کەسـانی تـر، بـە شـێوەیەکی نایاسـایی لـە ڕێـگای دزیـی، فێـڵ و هەڵخەڵەتانـدن و ناپاکیـی لـە ئەمانـەت بـۆ مەبەسـتی دەستبەسـەرداگرتنی و گواسـتنەوەی نـارەوای خاوەندارێتییەکە.

## دووەم:پێداچوونەوە بە توێژینەوەکانیی پێشوو:

توێژینەوەی: نوری سعدون عبدالله. (٢٠١١) العوامل الاجتماعیة المؤثرة فی ارتکاب الجریمة.

توێژینـەوەی (نـوری سـعدون عبداللـە) بـە ناونیشـانی: هـۆکارە کۆمەڵایەتییەکانـی کارتێکـەر لـە کردنـی تـاوان، توێژینەوەیەکی مەیدانییـە لـە شـاری رومـادی. ئـەم توێژینەوەیـە لەسـەر دەسـتگیرکراوانی بنکەکانـی پۆلیسـی ئـەم شـارە کـراون، ئامانجەکانی؛ زانینـی رەفتاریـی تـاوان و رەهەنـدە کۆمەڵایەتیـی و ئابووریـی و یاسـایی و رەواکانـی؛ لەگـەڵ زانینـی ئـەو هـۆکارە کۆمەڵایەتییانـەی، کـە ئەبـن بـە هـۆکاری کردنـی تـاوان و رۆڵـی ئـەو هۆکارانـە لـە پاڵنانـی تـاک بـۆ کردنـی تـاوان و گەڕانـەوە بـۆی. میتـۆدی توێژینەوەکـەی بریتییـە لـە میتـۆدی بەراوردکاریـی و میتـۆدی وەسـفیی، بـە ڕێـگای رووپێـوی کۆمەڵایەتیـی گشـتگیر، کـە قەبارەکەیـان پێکهاتبـووە لـە (٦٠) تـاک. ئامرازەکانـی کۆکردنـەوەی زانیاریـی بریتییە لـە پرسـیارنامە. ئامرازەکانیی ئاماریـی تەنهـا بریتـی بـوو لـە ڕێـژەی سـەدییی.

گرنگتریـن ئەنجامەکانـی: ڕێـژەی (٧٠٪)ی یەکەکانـی توێژینەوەکـەی بەدەسـت لێکترازانـی پەیوەندیـی خێزانـی ئەناڵێنـن و، ڕێـژەی (٨٦،٨٪) بـاری ئابوورییـان خـراپ بـوو، هەروەهـا دەرکـەوت بـە ڕێـژەی (٨٠٪) یەکـەکان بـە دەسـت بێکارییـی ئەناڵێنـن و، ڕێـژەی (٣،٨٣٪) ئاسـتی خوێندەوارییـان نـزم بـوو، ڕێـژەی (٧٥٪) شـوێنی نیشـتەجێبوونیان کاریگەریـی لەسـەر فێربوونـی رەفتاریـی تاوانیـان هەبـوو، دەرکەوتـووە کـە ئـەو کەسـانەی تاوانیـان کـردووە بـە ڕێـژەی (٦٣،٣٪) کرێچیـی بـوون و، بـە ڕێـژەی (٧٣،٣٪) هـۆی تاوانیـان بـۆ زۆربوونـی کاتیـی دەسـت بەتاڵییـان ئەگەڕێتـەوە. لـە هەمـان کاتـدا دەرکـەوت هاوڕێیـی خـراپ کاریگەرییـی هەبـوو لەسـەر کردنـی تاوانکـردن بـە ڕێـژەی (٨٠٪). لـە توێژینەوەکـەی دەرئەکەوێـت، کـە هـۆکارە کۆمەڵایەتییەکانـی کارتێکـەر بـە کردنـی تـاوان بـە شـێوەیەکی گشـتیی خسـتووەتەڕوو، بـەڵام لـە توێژینەوەکـەی ئێمـەدا بـە شـێوەیەکی وردتـر جەخـت لەسـەر پاڵنـەرە کۆمەڵایەتییەکانـی کردنـی تاوانەکانـی دزیـی، فێـڵ و هەڵخەڵەتانـدن و ناپاکیـی لـە ئەمانـەت ئەکاتـەوە.

٢- توێژینـەوەی: أمیـن جابـر الشـدیفات و منصـور عبدالرحمـن الرشـیدی. (٢٠١٦) العوامـل الاجتماعیـة المؤثـرة فـی ارتـکاب الجریمـة فـی المجتمـع الأردنـی مـن وجهـة نظـر المحکومیـن فـی مراکـز الإصـلاح والتأهیـل

ئامانجـی توێژینەوەکـەی: ئاشـکراکردنی ئـەو هـۆکارە کۆمەڵایەتییانـەی کـە ئەبێتەهـۆی تـاوان، زانینـی پەیوەندیـی ئـەم هۆکارانـە بـە بەرزبوونـەوەی تـاوان لـە کۆمەڵگـەی ئـوردن. توێـژەر لـە توێژینەوەکەیـدا میتـۆدی وەسـفیی بـە ڕێـگای رووپێـوی کۆمەڵایەتیـی بـە نموونـە بەکارهێنـاوە، قەبارەکـەی لـە (١٥٠) یەکـە پێکهاتـووە، بـە ڕێـگای نموونەیـی هەڕەمەکیـی سـادە هەڵبـژاردوون. ئامرازەکانـی کۆکردنـەوەی زانیاریـی بریتییـە لـە پرسـیارنامە. ئامـرازی ئاماریـی تەنهـا بریتـی بـوو لـە ڕێـژەی سـەدیی.

گرنگترین ئەنجامەکانی: زۆربەی ئەوانەی کاری تاوانیان کردووە بە ڕێژەی (٤٥٪) داهاتی مانگانەیان زۆر کەمە و کرێچیین، ئەمەش پەیوەندیی نێوان خراپیی بارودۆخی ئابووریی بە تاوان، بەتایبەت دزییکردن نیشان ئەدات، دەرکەوت گرووپەکانی هاوڕێی خراپ ڕۆڵێکی گەورەیان بینیوە لە پاڵنانی نموونەکە بۆ کردنی تاوان، هەروەها دەرکەوتووە، کە بێکاریی ڕۆڵێکی گرنگی بینیوە لە کردنی رەفتاری تاواندا بە ڕێژەی (٣٥٪) و، دەرکەوت ڕێژەی (٤٨٪) ی نموونەکە لە بارودۆخێکی خێزانیی شڵەژاو و ئاڵۆز ژیاون، ئەمەش کەشێکی کۆمەڵایەتیی بۆ پراکتیزەکردنی تاوان پێکهێناوە؛ بەهۆی پەیڕەوکردنی شێوازی پەروەردەیی نادروست و، پەیوەندی کۆمەڵایەتیی لێکترازاوی نێو خێزانەکەیان.

٣- توێژینەوەیی: زانا احمد بیرداود. (٢٠١٧) علاقة الخصائص الاجتماعية والبيئية بالسلوك الإجرامي – دراسة ميدانية في إقليم كوردستان – العراق.

ئەم توێژینەوەیە لە هەرێمی کوردستان؛ لە بەڕێوەبەرایەتییەکانی چاکسازیی گەوران لە شارەکانی هەولێر و دهۆک و سلێمانی لە هەرێمی کوردستان کراون، بە ئامانجی زانینی قەبارە و گەشەکردنی جۆرەکانی تاوانە لە هەرێمی کوردستان/عێراق، هەروەها ئاشکراکردنی خەسڵەتە کۆمەڵایەتیی و ژینگەییەکانی بکەرانی رەفتاری تاوان و، دۆزینەوەی پەیوەندیی تایبەتمەندیی کۆمەڵایەتیی و ژینگەییەکان بە کردنی تاوان، لەگەڵ ئاشکراکردنی پەیوەندیی ئەو دوو تایبەتمەندییە بە جۆری تاوانەوە. میتۆدی توێژینەوەکەی بریتییە لە میتۆدی وەسفیی شیکاریی، بە ڕێگای رووپێویی کۆمەڵایەتیی بە نموونە و میتۆدیی بەراوردکاریی و مێژوویی و ئاماریی، قەبارەکەی پێکهاتووە لە (٣٣٨) یەکە لە حوکومدراوەکان، بە ڕێگای نموونەی هەڕەمەکیی ڕێکخراو هەڵبژێردوون. ئامرازەکانی کۆکردنەوەی زانیاریی بریتییە لە پرسیارنامە و چاوپێکەوتنی ڕێکخراو. ئامرازەکانی ئاماریی؛ بریتیبوون ڕێژەی سەدیی، ناوەندی ژمێرەیی، لادانی پێوەریی، تاقیکردنەوەی کای دووجا و هاوکێشەی کرامر؛ بە ڕێگای هەگبەی ئاماریی (SPSS).

گرنگترین ئەنجامەکانی: لێکترازانیی خێزان بە هەردوو شێوەی ماددیی و مەعنەویی، بە یەکێک لە خەسڵەتە بەرچاوەکانی خێزانەکانی یەکەکانی نموونەی توێژینەوەکە دائەنرێت لە کردنی تاوان. هەروەها بڵاوبوونەوەی نەخوێندەواریی و ئاستە نزمەکانی فێربوون هۆکارێکی ترە بۆ کردنی تاوانە جۆراوجۆرەکان، لەگەڵ ئەوەشدا کاری نزم و کرێی کەمیی کارکردن وەکو؛ کاریی کرێکاریی بە یەکێک لە هۆکارەکانی کردنی تاوان، بە تایبەتیش تاوانە داراییەکان دائەنرێت، تێکەڵبوون لەگەڵ برادەری خراپ، بە یەکێک لە هۆکارەکانی فێربوون و هاندان دائەنرێت لە کردنی تاوان لە ناو یەکەکانی نموونەکەدا، بەتایبەتییش لە تاوانە داراییەکان. بارودۆخی خراپیی گوزەرانی یەکەکانی نموونەکە و بێ توانایی لە بەدیهێنانی ئامانجە ماددییەکانیان بە ڕێگە رەواکان، یەکێک بووە لە هۆکارەکانی کردنی تاوانە داراییەکاندا وەکو؛ تاوانی دزییکردن، نیشتەجێبوون لە گەڕەکە میللییە هەژارنشین و قەرەباڵغەکان، بە یەکێک لە هۆکارەکانی کردنی تاوانە جۆراوجۆرەکان دائەنرێن، لەلای یەکەکان، بەتایبەت خاوەن داهاتە نزمەکان.

٤- توێژینەوەی: مهند محمد منصور البطوش. (٢٠٢٠) الآثار الاجتماعية والاقتصادية المترتبة على جرائم الاحتيال والشيك من غير رصيد في المجتمع الأردني من وجهة نظر المحكومين في مراكز الإصلاح والتأهيل٢(*).

ئامانجەکانی توێژینەوەکەی بریتیین لە: پێوانەکردنی کاریگەرییە کۆمەڵایەتیی و ئابوورییەکانیی تاوانەکانی فێڵ و هەڵخەڵەتاندن و چەکی بێ پشتیوان لە روانگەی بەندکراون و، دروستکردنی چوارچێوەیەکی تیۆریی بۆ زانینی چەمکەکانی گۆڕاوە ئابوورییەکان، وەکو: (داهات، کرێ، هەژاریی، بێکاریی و هەڵاوسان)، لەگەڵ زانینی چەمکەکانی گۆڕاوە کۆمەڵایەتییەکانی؛ وەکو: (بارودۆخ و پەیوەندیی و قەبارەی خێزانی، فرەژنیی، جیابوونەوە) و، کاریگەرییان

---

٢ (*) الشيك من غير رصيد, چەکی بێپشتیوان بەواتای؛ چەکی بانکی، کە هیچ بڕە پارەیەکی تێدا نییە.

لەسـەر تاوانەکانـی فێـڵ و هەڵخەڵەتانـدن و چەکـی بـێ پشـتیوان، هەروەهـا فەراهەمکردنـی پێگەیەکـی زانیاریـی لەسـەر گـۆڕاوە ئابوورییـەکان لـە پێنـاوی کەمکردنـەوەی تونـدی زیادبوونـی تێکـڕای ئەم جـۆرە تاوانانـە. لـە توێژینەوەکەیـدا میتۆدیی وەسـفیی بـە ڕێـگای ڕووپێویـی کۆمەڵایەتـی بەکارهێنـاوە، قەبـارەی نموونـەی توێژینەوەکـە پێکهاتـووە لـە (٤٦٢) بەندکـراو، بـە ڕێـگای نموونـەی هەڕەمەکیـی سـادە هەڵبیـژاردوون. ئامرازیـی کۆکردنـەوەی زانیاریـی بریتیبـوو لـە فۆڕمـی ڕاپرسـیی. لـە ئامـرازە ئامارییەکانـدا پشـتی بەسـتووە بـە ڕێـژەی سـەدیی، هاوکێشـەی پەیوەسـتی سـپێرمان، ئەلفاکرونبـاخ و تاقیکردنـەوەی مـان وتنـی بـۆ جیـاوازی نێـوان گـۆڕاوەکان.

گرنگتریـن ئەنجامەکانـی بریتیبـوون لـە: لـە ئەنجامـی توێژینەوەکـە دەرکەوتـووە پەیوەندیـی لـە نێـوان کاریگـەری کۆمەڵایەتیـی و ئابووریـی بـە تاوانەکانیـی فێـڵ و هەڵخەڵەتانـدن و چەکـی بـێ پشـتیوان لـە کۆمەڵـگای ئوردنیـی هەیـە، ئەویـش بـۆ کەمیـی کـرێ و داهاتیـی تاکەکـەس ئەگەڕێتـەوە، دەرکەوتـووە کـە هـەژاری پاڵنـەری بەهێـزی کردنـی تاوانەکانـی فێـڵ و هەڵخەڵەتانـدن و چەکـی بـێ پشـتیوانە، چونکـە تاکـەکان ناتوانـن کەمتریـن پێداویسـتییەکانیی ژیـان بـۆ خۆیـان و ئەندامـانی خێزانیـان دابیـن بکـەن، لەگـەڵ ئەمەشـدا ئەنجامەکانـی دەریانخسـت، کـە بێکاریـي هۆیەکـی تـری کردنـی تاوانەکانـی فێـڵ و هەڵخەڵەتانـدن و چەکـی بـێ پشـتیوانە لـە کۆمەڵـگادا، لـە هەمـان کاتـدا ئەنجامـەکان دەریخسـتووە، هەڵاوسـانی ئابووریـی پاڵنەرێکـی تـری کردنـی ئـەم جـۆرە تاوانانەیـە، چونکـە ئەبێـت بـە هـۆکاری لاوازبوونـی توانـای کڕینـی پێداویسـتییەکانی تـاک و بەرزبوونـەوەی نرخـی کەلوپـەل و پێداویسـتییەکان، هەروەهـا کەمبوونـەوەی تێکـڕای گەشـەی داهاتـی ناوخۆیـی، ئەمـەش لـە ئاکامـدا ئەبێتـە هـۆکاری دروسـتبوونی جیـاوازی چینایەتـی زیاتـر.

لـە کۆتاییـدا؛ پێداچوونـەوە و خسـتنەرووی توێژینەوەکانـی پێشـوو دەرئەکەوێـت، کـە توێژینـەوەی (نـوری، أمیـن و منصـور) لـە ڕووی ئامانجـەوە لەگـەڵ توێژینـەوەی ئێمـەدا نزیکـە، چونکـە جەخـت لەسـەر ئاشـکراکردنی پاڵنـەرە کۆمەڵایەتییەکانـی تـاوان ئەکەنـەوە، بـەڵام توێژینەوەیـی (زانـا و مهنـد) جیـاوازە، لەبـەر ئـەوەی جگـە لـە پاڵنـەرە کۆمەڵایەتییـەکان تیشـک ئەخەنـە سـەر پاڵنـەرە ژینگەیـی و ئابوورییەکانـی کردنـی تـاوان، هەروەهـا توێژینـەوەی ئێمـە لەگـەڵ هەمـوو توێژینەوەکانی پێشـوو لـەڕووی میتـۆدەوە جیـاوازە، چونکـە ئـەم توێژینەوەیـە توێژینەوەیەکـی تیۆرییـە و پشـتی بـە میتـۆدی وەسـفیی شـیکاریی بەسـتووە، بـەڵام توێژینەوەکانـی پێشـوو توێژینـەوەی مەیدانییـن و سـوودیان لـە میتۆدەکانـی (بـەراوردکاری، وەسـفیی بـە ڕێـگای ڕووپێویـی کۆمەڵایەتیـی، مێژوویـی و ئامـار) وەرگرتـووە. لـە کۆتاییـدا لـەڕووی ئەنجامـەوە بەشـێک لـە توێژینەوەکانـی پێشـوو لـە هەندێـک لایـەن لـە توێژینـەوەی ئێسـتادا نزیکـن، بەتایبەتـی ئەوانـەی پەیوەسـتن بە ئاشـکراکردنی کاریگەریـي پاڵنـەرە کۆمەڵایەتییەکانـی کردنـی تـاوان، بـە تایبەتـی توێژینـەوەی (نـوری، أمیـن و منصـور)، بـەڵام لەگـەڵ ئەوەشـدا توێژینـەوەی ئێسـتا شـێوەکانی تاوانـی دیاریکـردووە بـە تەنهـا جەخـت لەسـەر تاوانەکانـی دەسـتدرێژیی سـەر پـارە و سـامان ئەکاتـەوە، لـەم خاڵـەدا لەگـەڵ توێژینەوەکانـی تـردا جیـاوازە.

## سێیەم: ئاراستە تیۆریی یەکانی ڕاڤەکردنی ڕەفتاریی تاوان:

تیۆریی ئەنۆمی:(Anomie theory)

ئـەم تیـۆرە لەلایـەن بیرمەندانیـی، وەکـو: (ئەمیـل دۆرکهایـم و ڕۆبـەرت مێرتـۆن) باسـکراوە، ئەنۆمـی لای کۆمەڵناسـیي فەرەنسـی (دۆرکهایـم) (١٨٥٨ -١٩١٧)، لـە کتێبـی (دابەشـکردنی کار) (١٨٩٣)دا بـاس لـە دۆخـی زاڵنەبوونیـي پێـوەر بەسـەر کۆمەڵـگادا ئـەکات، کاتێـک، کـە ئاکامـی خراپیـی دابەشـبوونی کار دەرئەکەوێـت کاریگەریـی لەسـەر تـەواوی ڕێکخسـتنیی کۆمەڵایەتـی هەیـە، کـە هەڵچـوون و لێکترازان زاڵـە بەسـەر کۆمەڵـگادا (ریتـزر، ١٩٩٢، ١٧٢). دورکهایم ئاماژەی بـەوە کردووە،

کە بارودۆخە کۆمەڵایەتییەکان ئەو شتە دروست ئەکەن کە پێی ئەگوترێت (ئەنۆمی) ٣(*)، واتە؛ لەدەستدانیی پێوەرەکان و نەبوونیی نۆرمە کۆمەڵایەتییەکان، لە ئەنجامی سروشتی ئەم دۆخەشدا خواست و ئارەزووەکانی تاک بە دوور لە هەر سنووردارکردنێک ئازاد ئەکرێن، ئەمەش کردنی کردەوەی پێچەوانەی سیستەمی گشتیی کۆمەڵگایە (أبوتوتة، ١٩٩٩، ١٢٩).

بە رای (دۆرکهایم) هەلومەرجی کۆمەڵگا ناتوانێت تاکەکان بەرەو پێگەی گونجاوی کۆمەڵگا ببات و لە پرۆسەی گونجانیی کۆمەڵایەتیشدا بە زەحمەت دائەنرێت، ئەمەش ئەبێت بە هۆکاری نائومێدی و نارەزایی و ناکۆکی و تاوان. لە توێژینەوەکەیدا ئەوەی بۆ دەرکەوت، کە ئەو گۆرانکارییە کۆمەڵایەتییەی، کە بەهۆی شۆڕشی پیشەسازی و شارنشینی و دابەشکردنیی کار رووی لە زیادبوون کردووە، بووە هۆی دۆخی ئەنۆمیی و دواتریش بۆ دۆخەکانی لادان و رەفتاریی تاوان رۆیشتووە (الوريكات، ٢٠١٣، ١٤٦).

(دۆرکهایم) لە شیکردنەوەکانیدا ئەوە ئەخاتە روو، کە دیاردەی تاوان لە بنەڕەتدا بە بنیاتیی کۆمەڵایەتییەوە بەستراوە نەک بە تاکەوە، هەروەها ئەم تاوانەش بە هۆکاری دەروونیی، یان بایۆلۆجیی تاک نییە، (ليلة، ١٩٨٢، ١٠٣)، تەنانەت ئەگەر هۆکاری خودی لە تاکدا هەبێت دروستکەری هۆکاری کۆمەڵایەتییە (معتوق، ٢٠١٤، ٢٧١). بۆیە دۆرکهایم پێی وایە؛ کە پێداویستی و ئاواتەکانی تاک لە سنوورێکی دیاریکراو ناوەستێت، بەڵکو لە زیادبووندایە، بۆیە ئەبێت رێکخستنیی کۆمەڵایەتی وەک هێزێکیی دەرەکی بۆ کۆنترۆڵکردنی رەفتاریی تاک و کەمکردنەوەی ستەمکاری لە پێداویستی و حەز و ئارەزووەکانیی هەبێت (حسناوي، ٢٠١٢، ٩٨).

(دۆرکهایم) ئەڵێت: «تاوان لە کۆمەڵگادا دیاردەیەکیی ئاساییە و تاوانباریش هۆکاری سروشتییە لە هۆکارەکانی ژیانیی کۆمەڵایەتییدا، هەروەها لەو بڕوایەدایە، کە پەیوەندیی نێوان تاک و کۆمەڵگا بە دوو جۆر پێناسە ئەکرێت: هاوبەندیی میکانیکی و هاوبەندیی ئۆرگانیک» (الطخيس، ١٤١٤ هجری، ٤٣).

سەرنجی دۆرکهایم، گۆڕانی بنیاتی کۆمەڵایەتیی لە دۆخی هاوبەندیی میکانیکی بەرەو هاوبەندیی ئۆرگانیکە. پێی وایە؛ تاوان و رەفتاریی لادەرانە، هەرچەند لە هەموو کۆمەڵگاکاندا روو ئەدەن، بەڵام شێوە مۆدێرنەکەی تایبەتە بە کۆمەڵگای مۆدێرنی خاوەن هاوبەندیی ئۆرگانیک، کە زیاتر لە شێوەی ئەنۆمی وەکو؛ نەخۆشییەکی مۆدێرندا بە دیار ئەکەوێت، بەڵام لە کۆمەڵگای نەریتیدا پەیوەندییەکان بەشێوەی میکانیکە؛ کە دابەشکردنی کار تێیدا سادە و یەکانگیری گرووپی تێیدا بەرزە و یاسای سەرکوتکەریش نییە و کۆویژدانیش کاری چاودێریی نافەرمی لە ئەستۆیە. بۆیە لەم شێوە یەکپارچەییەدا رەفتاری لاڕێیانە بە دەگمەن روو ئەدەن، چونکە بەتوندی رووبەرووی گازاندە و سەرکوتی کۆمەڵگا ئەبێتەوە، بەڵام لە کۆمەڵگای مۆدێرندا کۆمەڵێک پسپۆڕی نوێ بەدیدێن؛ کە توانای کردنی تاوان و رەفتاریی لادەرانە بەدیدێن (Durkheim, ١٩٩٤, p.١٣٠)، ئەگەر هاوبەندیی میکانیکی بە خێرایی بگۆڕێت بۆ هاوبەندیی ئۆرگانی، ئەوا تاک ناتوانێت خۆی بەو خێراییە بگۆڕێت و توشیي سەرلێشێوان ئەبێت، نازانێت ئایا بە شێوازی ژیانیی نوێ یان کۆن بژی (ئەکرەم، ٢٠٢٠، ٧٦).

(دۆرکهایم) بیرۆکەکانیی بۆ شیکردنەوەی رەفتاریی تاوان لەسەر دوو کۆڵەکە بنیاتنا:

١- تاوان دیاردەیەکیی ئاساییە، هیچ کۆمەڵگایەکیی مرۆیی لێی بێبەش نییە، ئەمەش لە ئەنجامی جیاوازیی درککردن و ویژدانی ئاکاریی ئەو تاکانەی، کە کۆمەڵگا دروست ئەکەن، هەر بۆیە رووداو، یان دیاردەیەکیی نائاسایی ناو کۆمەڵگا نییە .

---

٣ (*) ئەنۆمی بە مانای نا پابەندی بە پێوەر و بەها کۆمەڵایەتییەکان و پشتگوێخستنیان، بە زمانی عەرەبی پێیئەگوترێ (اللامعياري).

٢- تـاوان پێویسـتییەکە بـۆ گۆڕانکاریـی کۆمەڵایەتـی، بـۆ ئـەوەی کۆمەڵـگا چەقبەسـتوو نەبێت، چونکـە هۆکارێکی تەندروسـتە و بەشـێکی تەواونەکراوەیـە لـە هەمـوو کۆمەڵگای سـەلامەت (العبـادی، ٢٠١٤، ٢٣٩).

لەگەڵیـدا (رۆبـەرت مێرتـۆن) (١٩١٠ -٢٠٠٣) تێگەیشـتنیی (دۆرکهایـم) بـۆ ئەنۆمـی پەرەپێـدا، کاتێـک ئەنۆمـی بـە بارودۆخێکـی کۆمەڵایەتیـی ناکۆک پێناسـەی کـرد، کـە ململانێـی نێـوان ئـەو ئامانجانەیـی کۆمەڵـگا دیـاری کـردووە و ئـەو ڕێگایانـەی، کـە تێیـدا بڕیـار ئـەدات بـۆ گەیشـتن بـەو ئامانجانـە (المشـهدانی، ٢٠٠٥، ١٤١). (میرتـۆن) لـە سـاڵی (١٩٣٨) لـە میانـەی ڕوونکردنـەوەی بـۆ پێکهاتەیـی کۆمەڵایەتـی و ئەنۆمـی، ڕوونـی ئەکاتـەوە، کـە تێکشـکانی بارودۆخیـی کۆمەڵایەتـی، کـە بەهـۆی باریـی ئابـووری تونـدەوە ڕووی داوە بەرپرسـیارە لـە هەڵسـوکەوتی ڕەفتاریـی تاوانکارانـە، (میرتـۆن) وەکـو دۆرکهایـم ئـەو بیرۆکەیـە ڕەتئەکاتـەوە کـە تـاوان ڕەفتارێکـی ناخۆیـی و تاکەکەسـییە (Nirmala, ٢٠٠٩, ٥٨) بـە بۆچوونـی میرتـۆن ڕەفتاریـی لادەر و تـاوان بەپێـی شـێوازی ئەنۆمـی ئەخولێتـەوە، ڕەفتاریـی تاوانـی نـەک تەنیا کاریگەریـی لەسـەر ئـەو تاکانـە ئـەکات کـە سـەرەتا بەشـدار بـوون تێیـدا، بەڵکـو تاڕادەیـەک کاریگەریـی لەسـەر تاکەکانـی تـر هەیـە کـە دوو لایەنـە پەیوەندییـان بـەو ڕێکخسـتنە هەیـە (الصالـح، ٢٠٠٠، ٦٣)، بۆیـە هـەر ڕەفتارێـک کـە ڕێـز لـەو بەهـا کولتوورییانـە نەگرێـت؛ بـە تـاوان هەژمـار ئەکرێـت، کاتێـک مـرۆڤ ڕووبـەڕووی فشـارەکانی بنیاتـی کۆمەڵایەتیـی و فشـارەکانی سـەرکەوتن و بەدیهێنانـی ئامانجـەکان ئەبێتـەوە و، قۆناغـی ئەنۆمـی دەرئەکەوێـت (الوریـکات، ٢٠٠٨، ١٤٩).

ئەنۆمـی دۆخێکـە لـە کاتێکـدا هەیـە؛ کـە نۆڕمـەکان چیـتر ناتوانـن کۆنترۆڵـی هەڵسـوکەوتیی خەڵـک بکـەن، یـان کاتێـک خەڵـک چیـتر ڕێسـای ڕوونیـان نییـە، یـان لەکاتـی نەبوونـی نـۆرم ئیـتر کۆنـترۆڵ لەسـەر ڕەفتـار و ئـارەزووەکان بوونـی نامێنـێ، (مێرتـۆن) پێیوایـە؛ ئەنۆمـی لـە کۆمەڵگایەکـدا هەیـە، کـە هەلـی نایەکسـان و جەختکردنـەوە لەسـەر سـەرکەوتنی مـاددی هەبێـت (Nirmala, ٢٠٠٩, ٥٨).

(میرتـۆن) لـە داڕشـتنێکیدا بـۆ ئەنۆمـی؛ پێیوایە؛ پێشـێلکردنی ڕێسـا و پێـوەرەکان بـۆ هەندێک لە ئەندامـان، یـان گرووپەکانیی کۆمەڵـگا ئاسـایی ئەبێـت. هـەر کۆمەڵگایـەک کۆمەڵێـک ئامانجـی کولتووریـی و ئامرازیـی کۆمەڵایەتـی ڕەوا بۆ بەدەسـتهێنانی بـەم ئامانجانـەی هەیـە و، لـە هەمـوو کۆمەڵگایەکـدا تـاک، یـان گرووپێـک هەیـە، کـە ناتوانـن ئـەو ئامانجانـە بەدەسـت بهێنـن، هەڵوێسـتی (میرتـۆن) لـەم بارەیـەوە بـە زاراوەی ئەنۆمـی نـاوی ئەبـات، ئـەو پرسـیارەی کـە میرتـۆن هەوڵیـدا وەڵامـی بداتـەوە ئـەوە بـوو: تاکـەکان چـۆن هەڵسـوکەوت ئەکـەن کاتێـک ڕووبـەڕووی ئامانجـە کولتورییـە ڕەواکان ئەبنـەوە بـەو ئامـرازەی کـە هەمـوو کات لەبەردەسـتدا نیـن، یـان لـە باشـترین کاتـدا نەتوانـرا ئـەم ئامانجانـە بـە دەسـت بهێنرێـت؟ بۆیـە (میرتـۆن) لـە وەڵامـدا سـەبارەت بـە شـێوازی هەڵسـوکەوتی تاکـەکان، پێنـج شـێوەی گونجانـی بـۆ گەیشـتن بـە ئامانجـەکان دیاریکـردووە (الجوهـری و السـمری، ٢٠١١، ٦٦)، کـە بریتییـن لەمانـەی خـوارەوە:

١- گونجـان (Conformity): ڕێچکەیەکـە لەلایـەن زۆربـەی خەڵـک ئامانـج و ئامـرازەکان لەلایـان پەسـەندە، تەنانـەت ئەگـەر بۆیـان دەرکـەوت ئامرازیـی گەیشـتن بـە ئامانجەکانیـان سـنووردارە، ئـەوا هێشـتا حەزیـان لـە لادان نییـە. (میرتۆن) بانگەشـەی ئـەوەی کـرد، کـە لـە زۆربـەی کۆمەڵـگاکان ئەمـە شـێوازی سـتانداردی خۆگونجاندنـە، چونکـە ئەگـەر ئەمـە نەبێـت، کۆمەڵـگا ناجێگیـر ئەبێـت (Burke, ٢٠٠٩, ١٢٠).

٢- داهێنـان (نوێگەریـی) (Innovation): ئـەو شـێوازەیە کـە مـرۆڤ ئامانجـەکان پەسـەند ئـەکات، بـەڵام ئامـرازە ڕەواکان بـۆ گەیشـتن بـە ئامانجـەکان دەسـتەبەر نییـە بـۆی، بۆیـە ڕوو لـە داهێنانـی ئامرازیـی نـوێ ئـەکات، کـە ڕەنگـە لـە دیـدی کۆمەڵگا ڕەوا یـان نـاڕەوا بێـت، بەمـەش وەڵامدانـەوەی داهێنـان لـە کۆمەڵگـەدا ئەبێـت بـە کارێکـی بـاو، ئـەو کاتـە کۆمەڵـگا لـە ئامرازەکانیـی جێبەجێکردنـی ئامانجـەکان ناپرسـێت، تەنیـا بایـەخ بـە چۆنیەتـی سـەرکەوتن ئـەدات (السـمری، ٢٠١١، ٦٨). زۆر

کەس ئارەزوویان لە دەستەبەرکردنی کەلوپەل و پێداویستیی ماددی هەیە، بەڵام توانای داراییان بۆ گەیشتنیان نییە. ئەو دۆخەش هەندێکیان ناچار ئەکات چارەسەری نوێخوازانە بۆ گەیشتن بە ئامانجە ماددییەکانییان بگرنە بەر، کە رەنگە بە رێگای نارەوا و کردنی تاوانەکانی دەستدرێژیی سەر پارە و سامان بێتەدی (Siegel, ٢٠١٦, ١٩٨).

٣- نەریتخوازی (Ritualism): لێرەدا تاک پەیوەستە بە ئامرازە کۆمەڵایەتییە پەسەندکراوەکان، بەڵام لە هەمان کاتدا ئامانجە کولتوورییە رەواکان رەت ئەکاتەوە، هیچ ئامانجێکی نوێی وەکو جێگرەوەی ئامانجەکان، یان هەوڵدان بۆ جێبەجێکردنی ئارەزوویەکیی کۆمەڵایەتی نییە (الخليفة، ٢٠٠٠، ١٨)، لەگەڵ ئەوەشدا تاک بەردەوام لە پابەندبوون بە نۆرم و بەهاکانی کۆمەڵگا ئەبێت. ئەم شێوازە بە شێوەیەکی تایبەت لەلای تاکەکانی چینی ناوەند بەربڵاوە (Brown, ٢٠١٤, ١٧).

٤- کشانەوە (Retreatism): بریتییە لە رەتکردنەوەی ئامانجە کولتوورییەکان لەلایەن تاک، هەروەها رەتکردنەوەی ئامرازە کۆمەڵایەتییە رەواکان، کە بۆ بەدەستهێنانی دیاریکراوە، کەواتە، مانای کشانەوە، یان گۆشەگیری دێت، لە ئەنجامدا رەفتاریی پاشەکشە و خواردنەوەیی کحول، ئالوودەبوون بە مادده هۆشبەرەکان، یان سەرگەردانیی لێ ئەکەوێتەوە، بۆیە (میرتۆن) پێی وایە، ئەم شێوازە لە وانی تر زۆر مەترسیدارترە، چونکە خاوەنی ئەو شێوازە وەکو؛ زیندووی مردوو وایە یان نەمانی هۆشیی، لێرەدا تاک هەست بە گۆشەگیری و پەسەندنەکردنی ئەکات (جابر، ٢٠٠٤، ٥٥).

٥- یاخیبوون (Rebellion): ئەو شێوازەیە بەهۆی رەتکردنەوەی ئامانجە باوەکان و ئامرازە رەواکان دروست ئەبێت، لەگەڵ هەوڵدان بۆ هێنانە کایەی پێوەریی نوێ، بۆ بەدیهێنانی ئامانجە نوێیەکان، ئەمەش لە رێگای ئامرازیی نوێ و، رەوایەتیدان بە نۆرم و بەها نوێیەکان، یاخیبووان و شۆڕشگێڕان ئەو کەسانەن، کە بە ئامانج و ئامرازە پەسەندکراوەکانیی کۆمەڵگا نائومێدن، بەهۆی دەستنەکەوتنیان، یان نەگونجانیان، یان نەخوازراوی لەلایان (Sztompka, ١٩٨٦, ١٨٨).

لە کۆتاییی ئەتوانین بڵێین: ئاراستەی (دۆرکهایم و میرتۆن) لە تیۆریی ئەنۆمی، جەخت لەسەر ئەوە ئەکەنەوە کە کاتێک نەریت و بەها کۆمەڵایەتییەکان لە کۆمەڵگا بۆ کۆنترۆڵکردنی رەفتاریی تاک لاواز ئەبن، بە تایبەت لە دۆخی هەوڵدان بۆ بەدیهێنانیی ئامانجە ماددی، کۆمەڵایەتی، رۆشنبیری، خوێندەواری و پیشەییەکان بەو ئامرازانەی کە بۆ هەموو تاکەکان دەستبەر نییە بە یەکسانیی، یان لەلای هەموویان پەسەندکراو نییە، ئەو کاتە تاوانەکانی دەستدرێژیی سەر پارە و سامان وەکو؛ دزیی، فێڵ و ناپاکیی لە ئەمانەت زیاد ئەکات، بەمەبەستی گەیشتن بە ئامانجی پڕکردنەوەیی پێداویستییەکان و تێرکردنی حەزوو و ئارەزووەکان لای تاکەکانیی کۆمەڵگا بەو ئامرازانەی کە ئەتوانن دەستەبەری بکەن، بۆیە ئەنۆمی دیاردەیەکیی کۆمەڵایەتییە و ئەتوانرێت بە نەخۆشیی کۆمەڵایەتی وەسف بکرێت، لەسەر بنەمای نەمان یان لاوازی پێوەرە کۆمەڵایەتییەکان، هەندێک جار وا لە تاک ئەکات نا رێکخراو بێت، کە نارێکی و ناهاوسەنگی لە ژیانیدا دروست ئەکات، ئەمەش ئەبێت بە هۆکاری پەیرەوکردنی بێ رێسایی و بێ یاسایی، دواجار دۆخی ئەنۆمی روو ئەدات، بۆیە کۆمەڵگای کوردییش لەو جۆرە دۆخەدا بێبەش نییە، چونکە پێوەر و بەها کۆمەڵایەتییەکان کۆنترۆڵی رەفتاریی تاکەکانی لە دەست دەرئەچێت، لە ئاکامدا هەندێک لە تاکەکان پابەندی دابونەریتەکان نابن، بۆیە رەفتارەکانیان بەرەو کردنی لادان و تاوان ئەڕوات.

٢- تیۆریی تێکەڵبوونە جوداییەکان٤(*) (ئەدوین سزرلاند) (١٨٨٣-١٩٥٠ز)

٤ (*) تیۆرەکەی (سزرلاند) لە سەرچاوە کوردییەکان بە تێکەڵبوونە جوداییەکان باسکراوە، لە سەرچاوە عەرەبییەکانیش بە چەندیین شێواز باسکراوە؛ لەوانە: (العلاقة التفاضلية)، (الاختلاط التفاضلي)، (الاختلاط الفارق)، (المخالطة الفارقة) و (المخالطة الفارقية).

ئەم تیۆرە لە بواری تاواناسیی زۆر گرنگ و بەناوبانگە و بە یەکەم هەوڵی زانستیی دائەنرێت بە بەراورد بەهەوڵەکانی پێشوو بۆ شیکردنەوەی دیاردەی تاوان، بۆیە بە رێکخستنێکی چوونیی بەرەو یەک لەدوای یەکی تاکە بۆ کردنی رەفتاریی تاوان، (سزرلاند) ئەم پرۆسەیەی سنوردار کردووە بۆ (٩) نۆ مەسەلە، کە بە شێوەیەکی هەرەمی بنیاتنراوە، بە جۆرێک هەر دۆخێک پشت بە دۆخی پێش خۆی ئەبەستێت، وەک بنەمایەک بۆی(تیر، ١٩٨١، ٨٢). نۆ مەسەلەکەی بریتیین لە مانەی خوارەوە:

١- تاک، رەفتاریی تاوان لە رێگەی فێربوونەوە وەرئەگرێت، نەک لە رێگەی بۆ ماوەوە، کەواتە ئەو کەسەی فێری راهێنانی تاوانکردن نەبووبێت، ناتوانێت رەفتارێکیی تاوان لە خۆیەوە بهێنێتە دی (Bosiakoh and Andoh, ٢٠١٠, ٢٠٠).

٢-کرداری فێربوونی رەفتاریی تاوان لە میانەی پرۆسەی (پەیوەندیی کۆمەڵایەتی)یەوە دێتە دی، واتە؛ هاموشۆکردن و هەڵسوکەوتیی تاکەکە لەگەڵ کەسانی تر. ئەم پەیوەندییەش مەرج نییە زارەکی بێت، بەڵکو ئەکرێ بە ئاماژە و جووڵەش بێت (Cullen and Wilcox, ٢٠١٤, ٤).

٣- بەشی بنەڕەتی و بنچینەیی کرداری فێربوونی رەفتاریی تاوان لە سنووری ئەو گرووپانە دێتە دی، کەوا پەیوەندییەکی توندوتۆڵ و گونجان و تەبایی و خۆشەویستی لە نێوان ئەندامەکانیان هەیە (Sutherland, ١٩٣٩, ٦).

٤- کرداری فێربوونی تاوانە رەفتار دوو لایەن، یان پرۆسە ئەگرێتەوە:

أ- هونەریی تاوانکردن، وەک: خۆئامادەکردن، دانانی پیلان، رێگاکانی کردنی تاوان و چۆنیەتی شاردنەوە، کە هەندێک جار زۆر وردە و هەندێک جاری تریش زۆر سادەیە.

ب- ئەو پاڵنەرەی کەسەکە بەرەو رەفتارە تاوانییەکان ئەبات، بیانووی ئەم رەفتارانەی بۆ ئەدۆزێتەوە (Bruinsma, ١٩٩٢, ٣١).

٥- تاک لەناو کۆمەڵگادا لەگەڵ دوو جۆرە گرووپ تێکەڵاو ئەبێت: (گرووپێکیی باش) کە پێیان وایە یاساکانیی وڵات دادوەرییان تێدایە و پێویستە رێزیان لێ بگیرێت و سەرپێچی نەکرێن، (گرووپێکیی خراپ)یش کە پێیان وایە یاساکان پووچن و نرخیان نییە و پێویستە پێشێل بکرێن، جا تاک بەهۆی هاموشۆکردن لەگەڵیاندا لێیان فێر ئەبێت (Maloku, ٢٠٢٠, ١٧٣).

٦- تاک، بەراورد لە نێوان هەر دوو جۆری بۆچوونە باش و خراپەکان ئەکات و یەکێکیان هەڵئەبژێریت، ئەگەر بۆچوونەکانی تایبەت بە سەرپێچیکردنی تاوانیی پەسەند کرد، ئەوا ئەبێت بە تاوانبار، بەڵام ئەگەر بۆچوونە باشەکانی پەسەند کرد، ئەوا تاوان ناکات. جا تاک پەیوەندیی هاموشۆکردنی لەگەڵ کام لەم دوو گرووپەی بەهێز و پتەو بێت، بۆچوونی ئەو گرووپە زیاتر ئەچێتە هزری و لەسەری ئەڕوات (الوریکات، ٢٠٠٩، ٥٩).

٧- لکانی کەسەکە بە لایەنی چاک، یان لایەنی خراپ رێژەییە و ئەوەستێتەسەر چوار شت: دووبارە بوونەوە، بەردەوامی، پێشتری و قووڵی. مەبەستیش لە دووبارەبوونەوە بریتییە لە بینینی هەمان هەڵوێست زیاتر لە یەک جار، چەند ژمارەی ئەو جارانەش زیاتر بێت، کەسەکە ئەوەندە زیاتر فێری شتەکە ئەبێت. بەردەوامیش، واتە؛ هاموشۆکردن بۆ ماوەیەکی درێژ، هەرچەندە ئەو ماوەیەش درێژ بێت خولیابوونی کەسەکە بۆ خەسڵەتی ئەو کەسانەیی هاموشۆیان ئەکات پتەوتر ئەبێت. مەبەستیش لە پێشتری (الاسبقیة) ئەوەیە؛ کە تاک چەند زووتر فێری رەفتارێک بێت، کاریگەرییەکەی ئەوەندە زیاتر ئەبێت، قووڵیش بریتییە لە پلە و پایەی نزیکی ئەو کەسەی، کە کەسەکە لێی فێر ئەبێت، ئایا باوکە، مامۆستایە، سەرکردەیە، یان هاوڕێیە(عدلی، ٢٠٠٩، ٢٨٦).

٨- فێربوونی رەفتاریی تاوان، مەرج نییە تەنها لە رێگەی چاولێکەری بێت، بۆ نموونە: ئەو کەسەی بۆ سەرپێچیکردنی یاسا هەڵئەفریوێنرێت، ئەوە لە رێگەی کرداری تێکەڵبوونی لەگەڵ ئەو کەسانەی هەڵیان فریواندووە، فێری ئەبێت(الحناکی، ٢٠٠٦، ٦٣).

٩- هەرچەندە تاوانە رەفتار لە پێناو هەندێک پێویستیی و بەهای گشتییەوە ئەکرێت، بەڵام ناکرێت بەم پێویستیی و بەها گشتییانە لێکی بدەینەوە، چونکە رەفتارە ناتاوانییە ئاساییەکانیش بۆ هەمان شت ئەکرێن، بۆ نموونە دز، کە دزیی ئەکات بۆ دەستکەوتنی پارەیەتی، بەڵام ئەو کرێکارەی کاریش ئەکات، هەر بۆ دەستکەوتنی پارە کار ئەکات، لەبەر ئەوە ناکرێت بڵێین: بێ پارەیی هۆی دزییکردنە (آل سعود، ١٩٩٨، ٨١).

سەبارەت بە هێزی ئەو تیۆرە لە شیکردنەوەی هۆکارە کۆمەڵایەتییەکانی تاوانی دەستدرێژیی سەر پارە و سامان، بەتایبەت تاوانی دزیی، فێڵ و هەڵخەڵەتاندن و ناپاکیی لە ئەمانەت، بۆچوونەکانی (سزرلاند) جەخت لەسەر پەیوەندیی و کارلێکی کۆمەڵایەتیی تاک ئەکاتەوە، لە ژینگەیي خێزان، کار، قوتابخانە و هاوڕێیەتی، کاریگەریی ئەو ژینگەیە بەهۆی پەیوەندیی تاک لەگەڵ ئەندامانیی خێزان و خزم و هاوڕێیە بەسەر رەفتاری؛ جا ئەگەر ئەو ژینگە کۆمەڵایەتییە نادروست و خراپ بوو، ئەو تاکە لە میانەی پەیوەندیي بە مرۆڤی لادەر و تاوانبار فێری تاوان ئەبێت، ئەمانیش ئەبن بە سەرچاوەی هاندانی بۆ کردنی کاری تاوان، وەکو؛ دەستدرێژیی سەر پارە و سامان.

## چوارەم: پەیوەندی ژینگە کۆمەڵایەتییەکان بە کردنی تاوانەکانی دەستدرێژیی سەر پارە و سامان:

سروشتی ئەو ژینگەیەی، کە تاوانبار تێیدا ئەژی؛ پەیوەندیی بە رەفتاریی تاوانییەوە هەیە، لە راستیدا پاڵنەرەکانیی تاوان هەمەجۆرن، بە گشتی دوو جۆرە پاڵنەر هەن، جۆرێکیان پاڵنەری خوودین؛ کە پەیوەستە بە رەگەز، تەمەن، بۆماوە و نەخۆشی. ئەویتریان پاڵنەری دەرەکین؛ کە پەیوەستە بە پاڵنەرە کۆمەڵایەتییەکان(منصور، ١٩٩١، ٦٥)، لەم توێژینەوەیەدا جەختکردنەوەیە لەسەر پاڵنەرە کۆمەڵایەتییەکانی، وەکو؛ خێزان، خوێندن، کار و هاوڕێ.

١- ژینگەی خێزانیی لێکترازاو پەیوەندیی بە تاوانەکانی دەستدرێژیی سەر پارە و سامان:

خێزان گرنگترین هۆکارە کە بەشداری لە پێکهێنانی کەسایەتیی تاکدا ئەکات و، کار ئەکاتە سەر ئاراستەی رەفتارەکانی، چونکە ئەوە یەکەم ژینگەیە، کە تاک تێیدا لە دایک ئەبێت و رووناکیی ژیان ئەبینێت و لە باوەشی ئەکات، بۆیە لە تەمەنی منداڵیدا دەستپێئەکات. (سرحان) ئەڵێت: خێزان بریتییە لە یەکەیەکیی ئەرکي، کە پێکدێت لە پیاو و ژن و منداڵەکانیان، بە پەیوەندییەکیی خوێنی بەستراون و ئامانجیشیان هاوبەشە(سرحان، ١٩٨١، ١٧٩).

سەبارەت بە لێکترازانیی خێزان دوو شێوەی هەنە: یەکێکیان ماددییە و ئەویتریشیان مەعنەوییە، هەردووکیان پەیوەندییان بە دروستبوونیی تاوان و کردارەکانیی دژ بە پارە و سامان هەیە؛ لێکترازانیی ماددی بریتییە لە نەبوونی یەکێک لە باوان، یان هەردووکیان لە خێزاندا بەهۆی مردن، کۆچکردن، بەندکردن، نەخۆشی، جیابوونەوە، یان تووڕەبوون(الخشاب، ١٩٨٥، ٢٣٣)، بەڵام لێکترازانیی مەعنەوی ئەو لێکترازانەیە لەنێو ئەو خێزانەدا روو ئەدات، کە پەیوەندیی خراپ لەنێو ئەندامانی ئەو خێزانەدا هەیە، لەگەڵ بوونی دایک و باوک پێکەوە، بەڵام گرفت و ئاژاوە و ناتێگەیشتنێکی زۆر لەنێوانیاندا هەیە، کە رەنگە هەندێک کات پەرە بسێنێت بۆ جنێو و ئازار و لێدان، کە لەبەردەم منداڵەکاندا کۆتایی پێ بێت، ئەمەش کاریگەریی دەروونی خراپی لەسەر منداڵەکان ئەبێت(العکایلة، ٢٠٠٦، ١٤٧). هەروەها جگە لە هەموو ئەوانەی باسکران، کەمتەرخەمیی باوان لە پەروەردەکردنیی منداڵەکانیان و بەکارهێنانی شێوازی نادروست بۆ پەروەردەکردن، بە وێنەی توندوتیژیی و ناز پێدانی زۆر و فەرامۆشکردن و جیاکاری و دەرکردن لە ماڵ و بێبەشکردن

لـە خەرجـی، کـە بـە شـێوازێکی هـەرە ترسـناکی لێکترازانیـی مەعنـەوی دائەنرێـت.
بـۆ جەختکردنـەوە لەسـەر ڕۆڵـی خێـزان لـە دروسـتبوونی ڕەفتاریـی تـاوان لای تاکـدا، بیرمەنـدی تاواناسـی (سـزرلاند) پێیوایـە: ئـەو خێزانانـەی، کـە منداڵـی لادەری لـێ ئەکەوێتـەوە، بـە زۆری بـە یەکێـک، یـان زیاتـر لـەم بارودۆخانـەی خـوارەوە دیـاری ئەکرێـن:
یەکـەم: هەندێـک لـە ئەندامانیـی خێـزان تاوانبـارن، یـان ڕەوشـتییان خراپـە، یاخـود بـە مـاددە هۆشـبەرەکان ئاڵوودەبوونـە. دووەم:ئامادەنەبوونـی یەکێـک لـە بـاوان، یـان هەردووکیـان بەهـۆی مـردن، جیابوونـەوە یـان کۆچکـردن. سـێیەم: کەمـی، یـان نەبوونیـي چاودێریـي بـاوان لەسـەر منداڵەکانیـان. چـوارەم: نەگونجانـی خێزانیـی، وەک؛ لـە حاڵەتەکانـی کۆنتـرۆڵ و خۆسـەپاندنی یەکێـک لـە ئەندامـەکان بەسـەریاندا، یاخـود خۆشەویسـتی لـە ڕادەبـەدەری یەکێـک، دڵەڕاوکێـی زێـدە، دڵڕەقییەکـی زۆر، فەرامۆشـکردن، یـان دۆخـی قەرەباڵغـی نیشـتەجێبوون، یـان دەسـتوەردانی خزمـان. پێنجـەم: جیاوازیـي لـە ئاییـن، یـان بیروبـاوەڕدا، یـان جیـاوازی ئاسـت و هەڵسـوکەوتیی بـاوان. شەشـەم: فشـاری ئابـووری، وەک؛ بێکاریـی یـان کەمیي داهـات، یـان کارکردنـی دایـک لـە دەرەوەی مـاڵ و بێئاگایـی لـە منداڵەکانـی (الحسـینی، ٢٠١٣، ٢٣٦)، لـەم سـۆنگەیەوە؛ خێـزان ڕۆڵێکـی گرنـگ ئەگێڕێـت لـە دیاریکردنـی دوارۆژی نەوەکانـی لـە کۆمەڵگـەدا. هەروەهـا ژینگەیەکـی ڕێکوپێـک لـە خێزانـدا، پشـتیوانی بەهـا و ئـاکارە بەهێـزەکان ئـەکات، بـەڵام کاتێـک تێـک ئەچێـت و لێکـترازان ڕوو ئـەدات یـان هـەر پەرتەوازییەکـی تـر، ئـەم ژینگەیـە ئەتوانێـت کێشـەیي کۆمەڵایەتـی وەک ڕەفتاریـی تـاوان لـێ بکەوێتـەوە. بۆیـە بارودۆخیـی خراپـی خێـزان پاڵنەرێکـی بەشـدارە لـە ڕۆیشـتنی تاکـەکان بـەرەو تاوانەکانـە جۆراوجـۆرەکان بەگشـتیی و تاوانەکانـی دزیـی، فێـڵ و هەڵخەڵەتانـدن و ناپاکیـی لـە ئەمانـەت بەتایبەتـی.
لەگـەڵ ئەوەشـدا، زانایـان کۆکـن لەسـەر ئـەوەی، خێـزان کاریگەریـی ڕاسـتەوخۆ و بەهێـزی لەسـەر دروسـتبوونی کەسـایەتی تـاک و گەشـەی دەروونـی و ئاراسـتەکردنی داهاتـووی هەیـە؛ بـە تایبەتیـی لـە قۆناغـی منداڵـی و سـەرەتای گەنجێتـی (علـی و عثـمان، ١٩٩٤، ٢٨٦). بۆیـە پـەروەردەی هەڵـە بـە یەکێـک لـە هۆکارەکانـی دروسـتکردنی ڕەفتاریـي تـاوان دائەنرێـت و، هەمـوو دۆخەکانـی پەیوەسـت بـە مامەڵـەی منـداڵ بـە شـێوەیەکی توندوتیـژ، یـان نـاز پێدانـی زۆر، یـان لەنێـوان توندوتیـژی و (نـاز پێدانـی زۆر)نـەرم و نیانـی ئەگرێتـەوە، هەروەهـا لـە گرفتەکانـی تـری خێـزان، ئەبێـت بـە هـۆکاری دروسـتبوونی ڕەفتاریـی تـاوان، بەهـۆی خراپیـی پەیوەندیـي نێوانیـان، ئەمـەش بەهـۆی ئـەوەی یەکێکیـان سـادە و تێکەڵـە ئەویتریـان گۆشـەگیر و دوورەپەرێـزە، یـان یەکێکیـان ڕەزیلـە، ئەویتریـان زێدەڕۆییـە لـە خەرجکـردن، یـان یەکێکیـان کراوەیـە، ئەویتریـان داخـراوە، یـان جیاوازییەکـی زۆری تەمـەن لـە نێوانیانـدا هەبێـت، یـان نەگونجانیـی سێکسـی لەنێوانیانـدا، یـان بەهـۆی توندی مـەزاج و دڵپیسـی زۆر، یـان بەهـۆی ڕەزیلـی یەکێـک لـە بـاوان، یـان هەردووکیان(ابراهیـم، ٢٠٠٩، ٣٥-٣٤).
لـە کۆتاییـدا ئەتوانیـن بڵێیـن نادروسـتیی ژینگـەی خێـزان بەهـۆی لێکترازانیـی مـاددی، یـان مەعنـەوی، ئەبێـت بـە هۆکارێکـی لادان و تـاوان، چونکـە ئەگـەر بـاوان بـە ئەرکـە پەروەردەیـی و چاودێرییـەکان هەڵنەسـتن و، نەتوانـن دۆخێکـی ئابـووری گونجـاو بـۆ ئەندامانیـان دروسـت بکـەن، ئـەوا ئـەو ژینگەیـە (خێـزان) ئەبێـت بـە هـۆکاری دروسـتبوونیی تـاوان، بەتایبـەت تاوانەکانـی دزیـی و فێـڵ و هەڵخەڵەتانـدن و ناپاکیـی ئەمانـەت، بەمەبەسـتی تێرکـردن و پڕکردنـەوەی ئـەو کەموکوڕییـە مادییـەی، کـە لەنێـو خێزانیانـدا هەیـە.

٢- ژینگەی خوێندنیی نادروست و نزمیی ئاستی فێربوون پەیوەندیی بە تاوانەکانی دەستدرێژیی سەر پارە و سامان:
گرنگتریـن پاڵنـەر و هۆیەکانـی پەیوەندیـی ژینگـەی خوێندنیـی نادروسـت و نزمیـی ئاسـتی فێربـوون بـە تـاوان و کـرداری

دەستدرێژیکردن بۆ سەر پارە و سامانی خەڵک، بریتییە لە: کەموکورپی قوتابخانە لە جێبەجێکردنی ئەرکە پەروەردەییەکەی خۆی(الحسینی، ٢٠١١، ١٠٧). ئەو هۆکارانەی، کە رۆڵ لە بڵاوبوونەوەی کردەی تاوان لە دامەزراوەکانی فێربوون ئەبینن، بریتییە لە: نەبوونیی رێکخستن لە ژینگەی قوتابخانە و نەبوونی رابەری چاک؛ جا لە کەسایەتی بەڕێوەبەر، یان مامۆستایان بێت، جێبەجێنەکردنی رێسا و یاسا لە قوتابخانە و بوونی خەسڵەتی توند و میزاجی لەلای هەندێک لە مامۆستایان، کە ئەبێت بە هۆکاری دروستبوونیی ئاراستەیەکی نەرێنی لەلای قوتابییان بۆ گەشەپێکردنی رەفتاریی توندوتیژ و پەسەندنەکردن و راکردن و بەجێهێشتنی وانەکان، هەروەها زیادبوونی رێژەی بەجێهێشتنیی قوتابخانە و لاوازی ئاستیی خوێندن، لەگەڵ ئامادەنەکردن و راهێنانی مامۆستایان بە شێوەیەکی شیاو و وەرنەگرتنی رێوشوێنی توند بۆ رەفتارە هەڵەکان لە ژینگەی قوتابخانە، وەکو؛ دزیی و توندوتیژی. نەشیاوی بینایە بۆ ژینگەیی خوێندن و بوونی ژمارەیەکی زۆری قوتابییان لە هۆبەکانی خوێندن، لە کۆتاییدا نەبوونی یەکەی توێژەریی کۆمەڵایەتی و دەروونی (أبوعلیان، ٢٠١٦، ١١٥-١١٤)، هەروەها مەترسیدارترینیان هەڵسوکەوتی توندوتیژیی مامۆستا و هەڕەشەکردن بەرامبەر بە قوتابی ئەگەری لێ ئەکرێت لە خوێندندا سەرکەوتوو نەبێت و شکست بهێنێت، لە هەمان کاتدا هەڵسوکەوتیی نەشیاوی دایک و باوکی بە دڵڕەقی و سەختی و ریسوایی و سووکایەتییەوە، بەهۆی لاوازیی ئاستی خوێندنی، یان شکستهێنان بە پاڵنەرێکی تری لادان و تاوان دائەنرێت(زرارة، ٢٠١٤، ١٦٣). یەکێک لە مەترسیدارترین شتەکان، کە ئەتوانرێت لە ژینگەی قوتابخانەدا تێبینی بکرێت ئەوەیە، کە نەوجەوانان لە هەندێک کاتدا پەنا بۆ دروستکردنی گرووپێکی تایبەت بە خۆیان ئەبەن و، ئەمەش هاندەرێکە بۆ پێشێلکردنی یاساکان و کردنی کردەوەی لادان و تاوان، وەک؛ هەڵهاتنی بە کۆمەڵ لە قوتابخانە، پابەندنەبوون بەو رێسایانەی بەسەریاندا سەپێنراون، یاخیبوون و وروژاندنی ئاژاوە و رووبەڕووبوونەوەی لێدان لە دژی کەسانی تر و، کردنی دزییکردن بۆ تێرکردنی پێداویستییە مادییەکانیان (جعفر، ١٩٩٣، ٩١).

شکست لە خوێندن یەکێکە لە پاڵنەرە کۆمەڵایەتییەکانی دروستبوونی رەفتاریی تاوان، بۆیە ئەم دواکەوتوویییە ئەکادیمییە ئەگەر بەردەوام و زیاد بێت، ئەبێت بە هۆکاری رەتکردنەوەیی ژینگەی قوتابخانە و، مەیلی ئەوان بۆ راکردن بەهێز ئەکات، یان وازهێنان لە قوتابخانە و، بەسەربردنیی کات لە شوێنەکانی رابواردن، کە ئەم شوێنانە زۆربەی کات کەسانی ناسەرکەوتوو و خراپ لە خۆ ئەگرێت، بەمەش تێکەڵ بە هاوڕێی خراپ و لادەر ئەبێت (المراغی، ٢٠١٨، ٣٤٠)، کات بەسەر بردن لە شوێنەکانی رابواردن پێویستی بە پارەیەکی باشە، بەڵام لەگەڵ نەبوونی ئەم پارەیە، رەنگە تووشی تاوانی دزیی و فێڵ و هەڵخەڵەتاندن و ناپاکیی لە ئەمانەت بێت بۆ دەستکەوتنی ئەو بڕە پارەیەی، کە پێویستی پێیەتی بۆ کات بەسەر بردن، لەگەڵ هاوڕێکانی لەم شوێنانەدا. (سزرلاند) ئەڵێت: زۆربەی کات راکردن لە قوتابخانە ئەبێت بە هۆکاری لادان و دروستبوونی تاوانیی دزییکردن (إبراهیم، ١٩٩٨، ٥٤).

هەروەها جگە لەوەش، پرۆسەی خوێندن بەشە هەرە گرنگەکەی بریتییە لە پەروەردە و فێرکردنی بەها و خوو رەوشتی کۆمەڵایەتیی باش لە ناخی مرۆڤدا، بە وازهێنان لە خوێندن تاک لەو پرۆسە پەروەردەییە بێبەش ئەبێت، لێرەدا ئەتوانین بڵێین: خوێندن ئەگەری لادان و تاوان کەم ئەکاتەوە و نەخوێندەواریی ش بە پێچەوانەوە زیادی ئەکات. ئاماری توێژینەوەکانی تاواناسیی زۆربەی کات ئەوە دەسەلمێنن، کە زۆربەی بەندکراوان لە مرۆڤی نەخوێندەوارن.

بۆیە ئەبێت قوتابخانە رۆڵێکی چالاک لە ژیانیی مرۆڤەکاندا بگێرێت، چونکە ئەرکی پێگەیاندنیی کۆمەڵایەتی و دروستکردنی کەسێکی گونجاو و پابەند بە یاسا و بەهاکانی کۆمەڵگای لەسەر شانە، بۆ ئەوەی ببنە هێزێکی داهێنەر و، کاریگەر و ئەرێنی، کە توانای چەرخی پێشکەوتنی هەبێت، بەڵام هەندێک جار بەهۆی نادروستیی ژینگەی قوتابخانە

و پرۆسەی خوێندن و وازهێنان، یان شکستهێنانی قوتابییان لە خوێندن، دواتر تێکەڵبوونییان لەگەڵ کەسانی تری لادەر، بەهۆی کاتی بەتاڵی زۆر، ئەمەش یەکێکە لە پاڵنەرەکان، کە وای لێ ئەکات بەرەو رەفتاریی تاوان و دەستدرێژیی بۆ سەر پارە و سامانی کەسانی تر بڕوات، وەکو دزیی، فێڵ و هەڵخەڵەتاندن و ناپاکیی لە ئەمانەت.

**٣- ژینگەیی کار و جۆرەکەی پەیوەندیی بە تاوانەکانی دەستدرێژیی سەر پارە و سامان:**

کارکردن بۆ تێرکردنی پێداویستییەکان و نیشتەجێبوون و خۆراکە، بۆیە کار ئەوەیە، کە کاریگەریی زۆر هۆکار لەسەر تاوان دیاری ئەکات، وەک؛ هەژاریی، بێکاریی، ناتەواوی خانووبەرە. بوونی کارێکی گونجاویش؛ تاک لە رەفتاریی تاوان و هۆکارەکان ئەپارێزێت (القهوجی و الشاذلی، ١٩٩٩، ٢٨١). لەوانەیە تاک لەگەڵ ئەم ژینگەیە بگونجێت و سەرکەوتوو بێت، ئەمەش کاریگەریی باشی لەسەر ژیانیی کۆمەڵایەتی و ئابووری ئەبێت، یان رەنگە تووشی شکستبێت و واز لە کارەکە بهێنێت، ئەمەش ئاکامیی کۆمەڵایەتی، ئابووری و دەروونی خراپی لەسەر ئەبێت (الشدیفات و الرشیدی، ٢٠١٦، ٢١٢٨)، بەهۆی پێویستی ماددی رەنگە روو لە تاوانەکانی دەستدرێژیی سەر پارە و سامان بکات، بە تایبەتیی دزییکردن. هەر یەک لە (فورنازاری)ی ئیتاڵی و (لافارج و کور)ی فەرەنسی و (بوث و راونتری)ی بەریتانی و (سیلین و بارمیلی)ی ئەمریکی جەخت ئەکەنەوە کە هەژاریی زۆربەی کات لە ئەنجامی بێکاریی دێتە کایەوە، ئەمەش هۆکارێکی سەرەکییە، کە ناتوانرێت فەرامۆش بکرێت لە زیادبوونی تێکڕای تاوانەکانی دەستدرێژیی سەر پارە و سامان (حویتی واخرون، ١٩٩٨، ٤٧).

جۆریی کار و سروشتەکەی پەیوەندییەکی بەهێزی بە جۆری تاوان و شێوەکانییەوە هەیە (علی و عثمان، ١٩٩٤، ٣٠٠). رەنگە تایبەتمەندی کارەکەیان رێگەیان پێ بدات هەندێک لە تاوان بکەن، وەک؛ ناپاکیی لە ئەمانەت و دزینی پارە و سامان و بردنی پارەی وڵات و بەفیڕۆدان و بەدەستهێنانی قازانج لەو پارەیەی لەبەردەستیاندایە، بۆ نموونە بازرگانان لەوانەیە هەلیان بۆ بڕەخسێت، کە فێڵ و هەڵخەڵەتاندن بکەن، یان دەستکاریی تایبەتمەندییەکانی ئەو کاڵایە بکەن، کە بازرگانی پێوە ئەکەن، یاخود پزیشک بەهۆی پیشەکەیەوە تاوانەکانی ناپاکیی لە ئەمانەت بکات، یان پارێزەران لە پیشەکەیاندا هەندێکجار هەلیان بۆ ئەڕەخسێت بۆ کردنی تاوانی تەزویر و بەکارهێنانی بریکارنامە بۆ مەبەستی تر، هەروەها ئەوانەی، کە هەندێک پیشە ئەکەن، وەک؛ چاککردنەوەی ئۆتۆمبێل، یان دروستکردنی مۆر و کلیل، رەنگە بەهۆی پیشەکەیانەوە دەرفەتیان بۆ دروست بێت کە تاوانی دزینی ئۆتۆمبێل و کردنەوەی قاسە بە کلیلی ساختە و فێڵکردن، یان رەنگە دەرمانسازەکان لە رێگەی پیشەکەیان هەلیان بۆ بڕەخسێ هەندێک دەرمانیی ماددە هۆشبەرەکان دروست بکەن و پەرەی پێ بدەن، یان بە نایاسایی بە نەخۆشەکان و ئاڵودەبووەکان بیدەن (الحسینی، ٢٠٠٠، ٢٦٩).

لەگەڵ ئەوەشدا، یەکێک لە مەترسیدارترین لادانەکانیی ژینگەی کار؛ لادانی هەڵسوکەوتیی سەرپەرشتیاری کارەکەیە، ئەمەش ئەبێت بە هۆکاری لادانی هەڵسوکەوتیی هەندێک لە کارمەندەکانی، کە بەرگری ئەخلاقیان نییە و، سەیری سەرپەرشتیارەکە ئەکەن و لەگەڵیدا هەماهەنگی بۆ کردنی کردەوەی تاوانی ئەکەن، کە زیان بە کارەکە دەگەیەنن، وەک؛ دزیی، بردنی پارە و بەرتیل وەرگرتن (إبراهیم، ١٩٩٨، ٩٠). یاخود هەندێک جار لە جۆری کارەکەدا، لەوانەیە کەسەکە بەرەورووی سووکایەتی و ناوزڕاندنی زۆر بێت لەلایەن خاوەن پیشەکەوە، ئەو هەڵسوکەوتە توندەش لەگەڵ هۆکارەکانی تردا رەنگە لە کردنی تاوان بەشدار بێت (حبیب، ٢٠٠٧، ٢٤٧).

لاوازی و کەمیی کرێی کارکردن، هەندێک کات بە پاڵنەری تاوان هەژمار ئەکرێت، چونکە کرێی کەم، ئاستێکی گونجاوی

ژیـان بـۆ کرێـکار دابیـن نـاکات، ئەمـەش کاریگەریـی خراپـی لەسـەر پێگەیـی کۆمەڵایەتـی و دۆخـی دەروونـی مـرۆڤ ئەبێـت و، هەسـتی خـۆ بەکـەم زانینـی لـەلای دروسـت ئـەکات، رەنگـە ببێتـە هـۆکاری هاندانـی بـۆ کردنـی تاوانەکانـی دەسـتدرێژیکردن بـۆ سـەر پـارە و سـامانی تایبەتیـی و گشـتیی، چونکـە ئەگـەر مـرۆڤ بـە رێـگای رەوا نەیتوانـی بگاتـە ئامانجـە ماددییەکانـی خـۆی و پێداویسـتییەکانی جێبەجـێ بـکات، ئـەوە رەنگـە رێـگای نـاڕەوا بـۆ بەدەسـتهێنانی هەڵبژێرێـت (یوسـف، ٢٠١٣، ٣٧٨).

لـە کۆتاییـدا ئەتوانیـن بڵێیـن: ژینگەیـی کارکـردن بـە هەمـوو تایبەتمەندییەکانییـەوە؛ لـە جـۆر و سروشـت و کـرێ، پاڵنـەری تاوانەکانـی دزیـی و، فێـڵ و هەڵخەڵەتانـدن و ناپاکیـی لـە ئەمانەتـە لـەلای ئـەو پیشـەکارانەی، کـە ئامادەیـی تاوانیـان تیـادا هەیە.

٤- ژینگەی هاوڕێیەتیی خراپ پەیوەندیی بە تاوانەکانی دەستدرێژیی سەر پارەو سامان:

گومـان لـەوەدا نییـە، کـە کاریگەریـی دوو لایەنـە لـە نێـوان پەیوەندیـی هاوڕێیانـدا هەیـە، هـەر یەکەیـان کاریگەریـی لەسـەر پێکهاتـەی کەسایەتیی ئـەوی تریـان ئەبێـت، بۆیـە ئەگـەر گرووپـی هاوڕێیەتـی نموونـەی بـەرز و بەهـا بـەرزەکان لەنێوانیانـدا زاڵ بێـت؛ ئـەوا ئەندامـەکان کاریگەریـی باشـیان لەسـەر رەفتـار و گونجـان و پابەندبـوون بـە رێسـا و یاسـاکان لەسـەر یەکتر ئەبێـت، بـەڵام ئەگـەر گرووپـی هاوڕێیـان ئاراسـتەی سـەرپێچیکردنیی بەهـا و یاسـای هەبێـت؛ ئـەوە چالاکییەکانیـان بـەرەو رەفتاریـی لادان و تـاوان ئـەڕوات، بۆیـە تـاک بـە تێکەڵبوونـی بـەو گرووپانـە فێـری تـاوان ئەبێـت، لـە هەمـان کاتـدا ئەبێـت بـە سـەرچاوەی هاندانیـی بـۆ کردنـی رەفتاریـی تـاوان، هەندێـک کات ئـەم جـۆرە گرووپـە هاوڕێیانـە؛ گرووپـی چەتەیـی لـێ دروسـت ئەبێـت (القاضـی، ٢٠١٣، ١٥٥)، رەنگـە هـۆکاری سـەرهەڵدانی ئـەم جـۆرە گرووپانـە بـۆ لێکترازانیـی خێـزان و سـەرنەکەوتنیی لـە خوێنـدن و شکسـتهێنان لـە کاردا، یـان بـۆ هەژاریـی و خراپیـی بـاری ئابووریـی بگەڕێتـەوە، ئـەم هۆکارانـە و ئەوانـی تـر پـاڵ بـە مـرۆڤ ئەنێـن بـۆ گـەڕان بـەدوای ئـەو گرووپـی هاوڕێیانـەی، کـە لەگـەڵ هەلومـەرج و بارودۆخەکەیـدا بگونجێـت و مەبەسـتەکانی جێبەجـێ بـکات، تاکەکـە پێـی وایـە؛ حـەز و ئـارەزوو و ئامانجەکانـی خـۆی لەنێـو ئـەو گرووپـەدا دەسـتەبەر ئـەکات، بۆیـە هاوئاهەنگـی و گونجـان لـە نێـوان سروشـتەکانیان و هاوبەشـی و هـزری هەیـە، لەگـەڵ ئەوەشـدا، بانـدە تاوانییـەکان زۆر جـار سـەرکردەیەکی تایبەتمەنـدی بەهێزیـان هەیـە، کـە چالاکـی تاکەکانـی ژێـر دەسـەڵاتی خـۆی بەڕێـوە ئەبـات، چالاکـی باندەکـە زۆر جـار شـێوەی دەسـتدرێژیی سـەر پـارە و سـامان، بـە تایبـەت تاوانـی دزیـی و فێـڵ و هەڵخەڵەتانـدن وەرئەگرێـت (القهوجـی و محمـود، ٢٠١٠، ١٥١).

لێـرەدا ئەکرێـت بڵێیـن: ئەگـەر گرووپیـی هاوڕێیـان یەکێـک بێـت لـەو گرووپانـەی، کـە لایەنگـری یاخیبـوون و شۆڕشـن لـە دژی شـێوازەکانی رەفتاریـی کۆمەڵایەتـی و رێسـاکان کۆنـترۆڵ بکـەن و رێـز لـە یاسـاکان نەگـرن، ئـەوا ئەتوانێـت ببێتـە پاڵنەرێـک بـۆ لادان و تاوانکـردن (الشـاذلی، ٢٠٠٦، ٢٩٨)، بـە تایبـەت ئەگـەر تـاک خێـرا سەرسـام و گوێڕایەڵـی کەسـانی تـر بێـت، یـان ئەگـەر رێگـری ئـاکاری و بەهـا کۆمەڵایەتییەکانـی لاواز بـن، تـاک وەک ئەندامێکـی ئـەم جـۆرە گرووپانـە رادەکێشرێـت بـۆ نـاو رەوتـی ئێسـتای، وەک خۆیـان رەفتـار ئـەکات و وەک ئـەوان ئەکەوێتـە نـاو تاوانـەوە؛ واتـە ئەکەوێتـە ژێـر کاریگەریـی هەڵوێسـت و مەیـل و رەفتـارەکان، لـە کۆتاییـدا بـە تـەواوی دەخلیسـکێتە نـاو هەمـوو ئـەو کارانـەی، کـە هاوڕێکـەی ئەیـکات (المغربـی، ١٩٩٦، ٢٢٣).

بـە هـۆی کەمـی ئەزموونـەوە گەنجـەکان زیاتـر لـە کەسـانی پێگەیشـتوو کاریگەریـی خراپـی هاوڕێیەتییـان لەسـەر ئەبێـت، لەگـەڵ ئەوەشـدا؛ پەلـە ئەکـەن لـە تێرکردنـی ئارەزووەکانیـان بـە هـەر شـێوازێک بێـت. بـە زۆری لـە رێگـەی دەرکەوتنـی یاخیبـوون لـە بەرامبـەر ئـەو کـۆت و بەندانـەی بەسـەریاندا سـەپێنراوە و خۆیـان دەسـەلمێنن، تەنانەت لـە رێگـەی توندوتیژیی

و ئاژاوەگێڕیـی و پێشـێلکردنیی یاسـا و داب و نەریتـی بـاو لـە کۆمەڵـگادا (جعفـر، ١٩٩٣، ٩٦).

کەواتـە؛ یەکێـک لـە هـۆکارە هـەرە گرنگـەکان، کـە پـاڵ بـە تاکەوە ئەنێـت بۆ کردنـی کـردەی تـاوان، تێکەڵبـوون و وەڵامدانەوە و کارلێککردنییەتـی، لەگـەڵ هاوڕێیـی خـراپ و لادەر و شـەڕانگێزەکان، بەتایبەتـی هاوڕێکانیـی؛ گـەڕەک، قوتابخانـە، کار و رابـواردن، چونکـە تـاک بەخێرایـی کاریگـەر ئەبێـت بـە هاوڕێکانـی لـە رووی تەمـەن و ئـارەزوو و ئاراسـتە و سـەلیقەوە، لێرەدا تـاک زیاتـر ئەکەوێتـە ژێـر کاریگەریـی هاوڕێکانـی، نـەک بـاوک و دایـک و قوتابخانەکـەی، بـەم شـێوەیە؛ ئەبێـت بـە کەسـێکی رییزپـەر و لادەر لـە بیرکردنـەوە و پیادەکـردن لـە ژیانـی رۆژانەیـدا، بەمـەش زەحمـەت ئەبێـت، کـە خێـزان، یـان دەزگا پەروەردەییەکانـی تـری کۆمەڵـگا بتوانێـت بـە ئاسـانی چارەسـەری بـکات و، رەوشـتی لادەرانـە و پراکتیـزە و کـرداره هەڵەکانـی راسـت بکاتەوە(نـاصر، ١٩٩٦، ٦٢).

هەندێـک لـە توێـژەران تێبینـی ئەوەیـان کـردووە، کـە زۆربـەی تاوانەکانیـی بانـدەکان؛ تاوانیـی دەسـتدرێژیکردنە بـۆ سـەر پـارە و سـامان، بـە تایبەتیـی تاوانیـی دزییکـردن بـە پاڵنـەری دەسـتکەوتی مـاددی، کـە بـە بـەردەوام هەوڵـی بـۆ ئـەدەن. لـە کۆتاییـدا بۆمـان دەرئەکەوێـت، تێکەڵبوونـی تـاک لەگـەڵ هاوڕێـی خـراپ و گرووپـە لادەرەکان، بـە تایبەتیـی ئـەو گرووپانـەی کـە لـە تایبەتمەنـدی تەمـەن، کۆمەڵایەتیـی و ئابووریـی هاوشـێوەی ئـەون، کـە تایبەتمەنـدی پێشـێلی رێسـا و یاسـای کۆمەڵـگا لـە خـۆ ئەگـرن بـۆ بەدیهێنانـی ئامانجەکانیـان و تێرکردنـی حـەز و ئارەزووەکانیـان بـە رێـگای نـاڕەوا، وەک؛ تاوانەکانـی دزیـی، فێـڵ و هەڵخەڵەتانـدن و ناپاکـی لـە ئەمانـەت، بەمـەش گرووپـی هاوڕێیەتیـی ئەبێـت بـە سـەرچاوەی فێربوونـی ئـەو جـۆر تاوانانـە و بـۆ کردنـی پاڵنەرێکـی بەهێزیـش ئەبێـت.

## پێنجەم: ئەنجامەکانی توێژینەوەکە:

ئەم توێژینەوەیە لە کۆتاییدا بە چەند ئەنجامێک گەیشتووە، کە ئەمانەن:

١- تێکچوونیـی ژینگـەي خێـزان و بەکارهێنانـی شـێوازی پەروەردەیـی نادروسـت لەگـەڵ منـداڵ و مێردمنـداڵ، وەکـو؛ مامەڵەیـي توندوتیـژ و نـاز پێدانـی زۆر و فەرامۆشـکردن و دابیننەکردنیـی پێداویسـتییە مادديیەکانییـان بەهـۆی خراپیـی دۆخـی ئابـووری خێـزان یـان لێکترازانیـی ئـەو ژینگەیـە، یەکێکـە لـە پاڵنەرەکانـی تاوانەکانیـی دەسـتدرێژیکردن بـۆ سـەر پـارە و سـامان، وەکـو؛ دزیـی، فێـڵ و هەڵخەڵەتانـدن و ناپاکیـی لـە ئەمانـەت.

٢- لاوازی هێـزی نۆڕمـە کۆمەڵایەتییـەکان لـە کۆنترۆڵکردنـی رەفتاریـی تاکـەکان لـە کۆمەڵـگادا لـە رێکخسـتنی ژیانیـان، لەگـەڵ نەبوونیـی دەرفەتـی یەکسـان بـۆ گەیشـتنیان بـە ئامانجـە مادديیەکانیـان بـە رێـگای رەوا، پاڵنەرێکیـتری کردنـی تاوانەکانـی دەسـتدرێژیکردن بـۆ سـەر پـارە و سـامانە، ئەمـەش ئاراسـتەی (دۆرکهایـم و میرتـۆن)ە، کـە جەخـت لەسـەر بـێ هێـزی نۆڕمـە کۆمەڵایەتییـەکان لـە کۆنترۆڵکردنـی رەفتاریـی تاکـەکان ئەکەنـەوە، سـەبارەت بـە هۆیەکانـی دروسـتبوونیی تـاوان.

٣- نادروسـتیی ژینگـەی قوتابخانـە و خراپیـی سیسـتەمی خوێنـدن و هەڵسـوکەوتی نەشـیاوی مامۆسـتایان، یـان هەڵسـەکەوتی توندوتیژیـی بـاوان، لەگـەڵ قوتابیانـدا، ئەبێـت بـە هـۆکاری شکسـتهێنانی لـە خوێنـدن و راکـردن لـە قوتابخانە و بەسـەربردنی کاتەکانـی لـە شـوێنی نەشـیاو و لادانـەکان، ئەمـەش هـۆکارە بـۆ بێبەشـبوونیان لە پـەروەردە و رۆشـنبیری لە هەمـوو بوارەکانی ژیانـدا، لـە ئاکامـدا ئەمانـە بـە هۆکارێکـی تـری کۆمەڵایەتیـی دروسـتبوونی تاوانەکانـی؛ دزیـی، فێـڵ و هەڵخەڵەتانـدن و ناپاکیـی لـە ئەمانـەت هەژمـار ئەکرێـت.

٤- نزمیـی پێگـەی جـۆری کار و کەمـی کرێیـی کارکـردن، رەنگـە هـۆکاری دروسـتبوونی هەسـتی خۆبەکەمزانیـن بێـت لـەلای

تـاک، بەهـۆی لـە دەسـتدانی پێگـە کۆمەڵایەتییەکەیـی و توانـا داراییەکانیـی لـە دابینکردنـی پێداویسـتییەکانی خـۆی و خێزانـی، ئەمـەش پاڵنەرێکـی تـری دروسـتبوونی تاوانەکانـی دەسـتدرێژیکردن بـۆ سـەر پـارە و سـامانە.

٥- تێکەڵبوونـی تـاک لەگـەڵ هاوڕێیـی خـراپ و گرووپـە لادەرەکان لـە: گـەڕەک، شـوێنی کار، قوتابخانـە، شـوێنەکانی رابـواردن و کات بەسـەربردن، سـەرچاوەی فێربوونیـی تاوانـە رەفتـارە و، پاڵنـەرە بـۆ کردنـی تاوانەکانـی دەسـتدرێژیی سـەر پـارە و سـامانی خەڵـک، ئەمـەش ئاراسـتەی (سـزرلاند)ە، سـەبارەت بـە هۆیەکانـی دروسـتبوونی رەفتاریـی تـاوان.

٦- خراپیـی دۆخـی دارایـی هاووڵاتییـان و تێکچـوون و ناجێگیریـی بارودۆخـی ئابـووری لە کۆمەڵـگادا هۆکارێکە بـۆ زیادبوونی تاوانەکانـی دەسـتدرێژیی سـەر پـارە و سـامان، ئامارەکانیـش راسـتی ئەم ئەنجامـە پشتڕاسـت ئەکەنەوە.

## شەشەم: پێشنیازەکانی توێژینەوەکە:

لە میانەی ئەم توێژینەوەیەدا، ئەم پێشنیازانەی خوارەوە دەخەینەڕوو:

١- پێویسـتە لەسـەر وەزارەتـی پـەروەردە لـە رێگـەی کۆبوونـەوەی دایـکان و بـاوکان هۆشـیار بکرێنـەوە لـە پەروەردەیـی دروسـتی منـداڵ، هەروەهـا لـە رێـگای وانـە و سـیمینار، قوتابییـان و باوانیـان ئاشـنا بـکات لەسـەر بایەخـدان و گرنگیـی سـەرکەوتن لـە پرۆسـەیی خوێنـدن بـۆ دواڕۆژی نەوەکانییـان. چونکـە خێـزان بـە وێسـتگەیەکی گرنـگ لـە ژیانـی تاکـەکان دائەنرێـت، بۆیـە ئەبێـت خێزانـەکان هەوڵەکانیـان بخەنـە گـەڕ، تاکـو کەسـێکی بەهێـز پـەروەردە بکـەن، بـە هەمـان شـێوە پێویسـتە وەزارەتـی خوێندنـی بـاڵا لـە رێگـەی سـیمینار لـە هۆڵەکانـی خوێنـدن قوتابییـان هۆشـیار بکرێنـەوە لـە رەفتـار و کـردەی نەشـیاو و نـاڕەوا.

٢- وەزارەتـی رۆشـنبیری لـە رێگـەی کەناڵەکانیـی راگەیانـدن بـە هەمـوو جۆرەکانییـەوە، بەرنامـەی تایبـەت تەرخـان بکرێت بۆ گرنگـی پاراسـتنی یەکگرتوویـی خێـزان و بەکارهێنانـی شـێوازەکانیی پـەروەردەی دروسـت بـۆ منداڵەکانیـان لـە دروسـتکردنی کەسـایەتی و پابەنـد بـە یاسـا و گونجـاو لەگـەڵ کۆمەڵـگادا.

٣- پێویسـتە وەزارەتـی ئەوقـاف و کاروبـاری ئایینـی، لـە رێـگای مینبەرەکانییـەوە تاکەکانـی کۆمەڵـگا ئاشـنا بـکات بـەو رێسـا و بنەمایانـەی، کـە رەفتاریـی مـرۆڤ بـەرەو گونجـان و پابەندبـوون بـە یاسـا و بەهـا کۆمەڵایەتییـەکان ببـات.

٤- پێویسـتە لەسـەر وەزارەتـی کار و کاروبـاری کۆمەڵایەتیـی لـە رێگـەی پێدانـی رێنماییـەکان بـۆ گشـت شـوێنەکانی کارکـردن؛ بـۆ رەخسـاندنی ژینگەیەکیـی بـاش و لەبـار بـۆ کارکـردن لەگـەڵ دیاریکردنـی کرێیـی کارکـردن، کـە بـە شـێوەیەک لـە رێگایـەوە کرێـکار بتوانێـت بـە لایەنـی کەمـەوە پێداویسـتییە سـەرەکییەکانیی ژیـان بـۆ خـۆی و ئەندامانـی خێزانەکـەی دابیـن بـکات.

## حەفتەم: راسپاردەکانی توێژینەوەکە:

خسـتنەرووی هەندێـک بابەتـی گرنـگ بـۆ کردنـی توێژینـەوەی زانسـتی بـۆ توێژەرانـی تـر، بـە مەبەسـتی خزمەتـی زیاتـر بـە کۆمەڵگا:

١- کردنی توێژینەوەیەکیی تایبەت لەسەر پەیوەندیی خراپی باری ئابووریی خێزان بە تاوانی دزییکردن.

٢- کردنی توێژینەوە لەسەر پەیوەندیی سروشتی پیشە و جۆرەکەی بە تاوانەکانی دەستدرێژیی سەر پارە و سامان.

٣- کردنی توێژینەوە لەسەر پەیوەندیی هاوڕێیی خراپ و گرووپە لادەرەکان بە تاوانەکانی؛ دزیی و فێڵ و هەڵخەڵەتاندن.

# الدوافع الاجتماعية لإرتكاب جرائم الاعتداء على الأموال

دراسة نظرية تحليلية


## الملخص:

المشكلة الرئيسية في هذه الدراسة توضيح دوافع اجتماعية على احدى الجرائم الخطرة والمنتشر في المجتمع هي الجرائم الاعتداء على الاموال. انطلاقا من اهمية هذا الموضوع فقد تم اختياره من قبل الباحثين من اجل التعريف عن اهم الدوافع الاجتماعية مثل: (البيئة الاسرية المفككة, البيئة الدراسية و انخفاض المستوى التعليمي, بيئة العمل واصدقاء السوء) وهل تدفع تلك العوامل الى اتباع السلوك العدواني والاعتداء على الاموال؟

في ضوء ما سبق يهدف البحث التوصل الى حقيحة تأثير الدوافع الاجتماعية الى ارتكاب جرائم السرقة, والنصب و الاحتيال و خيانة الامانة.

استخدم الباحثين في هذا البحث النظرية المنهج الوصفي التحليلي في ضوء توجهات و تطابقا مع نظرية الانومية لدى (دوركهايم و ميرتون), كذلك نظرية الاختلاط التفاضلي لدى (سذرلاند).

وفي نهاية البحث وبناء على ما تم انجازة من خطوات علمية في هذا المجال, توصلت البحث الى عديدة مفادها, ان البيئة الاسرية المفككة والتربية الخاطئة والغير السليمة للاباء, كذلك استخدام نمط المعاملة الخاطئة و العنيفة من فبل المعلمين وتهديد الطلاب اثناء العملية التعليمية مع انخفاض في المستوى الدراسي والفشل فيها. اضافة الى البيئة السلبية لجماعة الرفقاء والتقرب من دائرة اصدقاء السوء والمنحرفة لغرض اشباع رغباتهم وتحقيق الاهداف المادية, وطبيعة العمل, لان البيئة المنحطة وقلة الاجور وعدم اشباعها للحاجات المادية الانسانية, انما يتسبب تؤدي الى انخراط في اعمال غير مقبولة ومنبوذة كالسرقة والنصب والاحتيال وخيانة الامانة والى الاعتداء على الاموال.


**الكلمات المفتاحية: الدوافع الاجتماعية, الجريمة, المجرم و الجرائم الاعتداء على الاموال.**

## The Social Motivators of Committing Crimes of Money and Wealth - analytical theoretical study


## Abstract:

Crime is an appearance of social factors and the immediate surroundings inside a society. Therefore, each crime is motivated by unique societal incentives and circumstances. A growing and dangerous social issue in the present day is the widespread occurrence of embezzlement, which refers to the fraudulent appropriation of money.

The main aim of this study is to clarify the social factors, such as dysfunctional family settings, school settings, low levels of academic achievement, work settings, and bad peer relationships, that lead to the commission of financial and property crimes.

The study aims to examine the relationship between theft, fraud, breach of trust, and the criminal act of embezzlement. This study employs descriptive analytical methods like Durkheim and Merton's Anomie Theory and differential association theory to examine the relationship between social factors and deviant behavior. Durkheim's Anomie Theory suggests that individuals are more likely to engage in deviant behavior when they experience a breakdown of social norms and values, while Merton's theory focuses on how societal structures and cultural goals can lead to strain and deviance. The differential association theory, on the other hand, emphasizes how individuals learn deviant behavior through their interactions with others who engage in such behavior.

In conclusion, the region with high crime rates validates the correlation between various factors and increased criminal activity. These factors include individuals' proximity to a circle of bad influences and deviant friends, as they often succumb to peer pressure in order to fulfil their desires or achieve material gains. Additionally, the poor work environment, low-status jobs, and inadequate wages contribute to individuals resorting to illegal activities such as theft, fraud, and dishonesty. The deteriorating economic situation in society further exacerbates the problem of individuals resorting to illegal activities.

**Keywords: Social motives, crime, criminal and commission of crimes of money and wealth.**

## سەرچاوەکان:

### سەرچاوە کوردییەکان:

ئامـاری بەڕێوەبەرایەتـی گشـتیی پۆلیسـی هەرێـم، (٢٠٢٣) ئامـاری بەڕێوەبەرایەتـی گشـتیی پۆلیسـی هەرێمـی کوردسـتان بـۆ سـاڵی ٢٠٢٢. بەردەسـتە لـە https://www.youtube.com/watch?app=desktop&v=mfWavkNvXh٤. (لـە ٢٠٢٣/١١/٢٧ وەرگیـراوە).

ئاماری تاوانەکان. (٢٠٢٣) ئاماری بەڕێوەبەرایەتی گشتیی چاکسازی کۆمەڵایەتی.

ئەکرەم، سورێن. (٢٠٢٠) تیۆرەکانی تاوانناسی. هەولێر: ناوەندی ئاوێر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە.

بۆکانی، سابیر بەکر. (٢٠٠٢) تاوانبار و سزا. سلێمانی: دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم.

عزیـز، رزگار رسـول. (٢٠١٥) پەیوەنـدی پیشـە بـە تـاوان لـە کۆمەڵـگای کوردییـدا. نامـەی ماسـتەر بـڵاو نەکـراوە. بەشـی کۆمەڵناسـیی. کۆلێـژی ئـاداب. زانکـۆی سـەلاحەدین.

سـایتی پارێـزگای هەلێـر. (٢٠٢٣) ئامـاری بەڕیوەبەرایەتـی پۆلیسـی هەولێـر بـۆ ٢٠٢٢. بەردەسـتە لـە: https://www.hawlergov.org/app/ar/node/٤٥٢٧ (لـە ٢٠٢٣/١١/٢٧ وەرگیـراوە).

### سەرچاوە عەرەبییەکان:

ابراهيم، اكرم نشأت. (٢٠٠٩) علم النفس الجنائي. عمان-الاردن: دار الثقافة للنشر والتوزيع.

إبراهيم، أكرم نشأت. (١٩٩٨) علم الاجتماع الجنائي. الطبعة الثانية. بغداد: مطبعة النيزك.

أبوتوتة، عبد الرحمن. (١٩٩٩) علم الاجرام. الاسكندرية: المكتب الجامعي الحديث.

أبوعليان، بسام محمد. (٢٠١٦) الانحراف الاجتماعي والجريمة. الطبعة الثالثة، جامعة الاقصى. منشورات إي-كتب.

أقرورو، سميرة. (٢٠١٥) الوجيز في أسس علم الإجرام وأهم مدارسه، كازا برانكا-المغرب: الناشر صومادیل.

آل سعود، عبدالرحمن بن سعد بن عبدالرحمن. (١٩٩٨) الإجرام دراسة تطبيقية تقويمية. الرياض: مكتبة العبيكان.

بوكراع، رضا. (١٩٨٦) المدينة و الفقر و الاجرام، جامعة نايف العربية للعلوم الامنية. رياض.

بيرداود، زانا احمد. (٢٠٠٧) معوقات العمل الإصلاحي في سجون إقليم كردستان-العراق، رسالة ماجستير غير منشورة. قسم علم الاجتماع. جامعة صلاح الدين/أربيل.

بيرداود، زانا احمد. (٢٠١٧) علاقة الخصائص الاجتماعية والبيئية بالسلوك الإجرامي- دراسة ميدانية في إقليم كوردستان – العراق. اطروحة دكتورا غير المنشورة. قسم علم الاجتماع. كلية الاداب. جامعة صلاح الدين.

تير، مصطفى عمر. (١٩٨١) السجن كمؤسسة إجتماعية – دراسة لآراء وإتجاهات المسجونين، بيروت، معهد الإنماء العربي.

جابر، سامية محمد. (٢٠٠٤) سوسيولوجيا الانحراف. الإسكندرية: دار المعرفة الجامعية.

جعفر، علي محمد. (١٩٩٣) الإجرام وسياسة مكافحته - عوامل الجريمة والسياسة العقابية في التشريع الليبي والمقارن. بيروت: دار النهضة العربية.

الجوهري، محمد محمود و السمري، عدلي محمود. (٢٠١١) المشكلات الاجتماعية. عمان: دار المسيرة للنشر و التوزيع.

حبيب، محمد شلال. (٢٠٠٧) أصول علم الإجرام. بغداد: المكتبة القانونية.

حسناوي، حيزية. (٢٠١٢) أنماط و دوافع جريمة المرأة في المجتمع. رسالة الماجستير. غير منشورة. قسم علم الاجتماع. كلية الاداب والعلوم الإنسانية والاجتماعية. جامعة باجي مختار-عنابة.

حسني، محمود نجيب. (٢٠٠٥) جرائم الاعتداء على الأموال. طبعة ثالثة جديدة. بيروت. منشورات الحلبي الحقوقية.

حسين، جميلة رمضان. (١٩٩٤) أثر التنشئة الاجتماعية في السلوك الإجرامي - دراسة ميدانية. رسالة ماجستير. جامعة صلاح الدين. كلية الآداب. قسم علم الاجتماع.

الحسيني، عمار عباس. (٢٠١٣) مبادىء علمي الإجرام والعقاب. بيروت-لبنان: منشورات الحلبي الحقوقية.

الحسيني، عمر الفاروق. (٢٠٠٠) علم الاجرام و علم العقاب. الطبعة الثالثة. عابدين: دار السلام.

الحسيني، عمر الفاروق. (٢٠١١) مبادىء علم الإجرام و علم العقاب. طبعة خاصة ببرنامج الدراسات القانونية بشعبهة التعليم المفتوح. بنها-مصر.

حمد، ابراهيم حمد محمد (٢٠٠٨) أثر العوامل الاجتماعية في جنوح الاحداث - دراسة ميدانية على محافظات غزة (مؤسسة الربيع)، مجلة جامعة الازهر بغزة، سلسلة العلوم الانسانية، المجلد١٠، العددA-٢، ص ص ٩٣-١٥٠.

حميد، حمراكروا. (٢٠٠٨) التحضر وتغير الأدوار الأسرية. رسالة ماجستير. جامعة الإخوة منتوري. كلية العلوم الإنسانية والعلوم الاجتماعية. قسم علم الاجتماع.

حناكي، علي بن سليمان بن ابراهيم. (٢٠٠٦) الواقع الاجتماعي لأسر العائدين الى الانحراف. الرياض: جامعة نايف العربية للعلوم الامنية، مركز الدراسات والبحوث.

حويتي، أحمد؛ بدر، عبدالمنعم و نوديالو، دمباتير. (١٩٩٨) علاقة البطالة بالجريمة والانحراف في الوطن العربي. الرياض. أكاديمية نايف العربية للعلوم الأمنية.

الخشاب، مصطفى. (١٩٨٥) دراسات فى علم الاجتماع العائلي. بيروت: دار النهضة العربيه. ال

الخليفة، عبدالله حسين. (٢٠٠٠) أبعاد الجريمة ونظم العدالة الجنائية في الوطن العربي. الرياض: أكاديمية نايف العربية

للعلوم الأمنيـة - مركـز الدراسـات والبحـوث.

ربيـع، محمـد شـحاته؛ يوسـف، جمعـة سـيد و عبداللـه، معتـز سـيد. (٢٠١١) علـم النفـس الجنـائي. القاهـرة: دار غريـب للطباعـة والنـشر.

رشوان، حسين عبدالحميد. ٢٠١٠)) دراسة في علم الاجتماع الجنائي. ط٢. الإسكندرية. مكتب الجامعي الحديث.

ريتزر، جورج. (١٩٩٢) رواد علم الإجتماع. ترجمة: محمد الجوهري واخرون. الإسكندرية: دار المعرفة الجامعية.

زرارة، لخضر. (٢٠١٤) الجريمة والمجتمع دراسة مقارنة. عمان: دار الوائل للنشر والتوزيع.

السراج، عبود. (١٩٨٥) علم الإجرام و العقاب. الطبعة٣. الكويت: مطبعة ذات السلاسل.

سرحان، منير المرسي. (١٩٨١) في اجتماعيات التربية. بيروت. دار النهضة العربية.

سعفان، حسن شحاته.( ١٩٦٦) علم الجريمة. ط٣. القاهرة: مكتبة النهضة المصرية.

السمري، عدلي محمود. (٢٠١١) المشكلات الإجتماعية. عمان: دار المسيرة للنشر و التوزيع و الطباعة.

سـمية، حومـر. (٢٠٠٦) أثـر العوامـل الاجتماعيـة في جنـوح الأحداث-دراسـة ميدانيـة أجريـت بمركـزي الأحـداث بمدينتـي قسـنطينة و عيـن مليلـة. رسـالة ماجسـتير غـير منشـورة. قسـم علـم الاجتـماع والديموغرافيـا. كليـة العلـوم الاجتماعيـة والعلـوم الإنسـانية. جامعـة منتـوري قسـنطينة.

الشاذلي، فتوح عبدالله. (٢٠٠٦) أساسيات علم الإجرام والعقاب. منشورات الحلبي الحقوقي. بيروت.

شـاقور، الطـاوس. (٢٠١٥) الاغـتراب النفـسي الاجتماعـي لـدى الشـباب المجـرم- دراسـة ميدانيـة مقارنـة بمؤسسـة إعـادة التربيـة والتأهيـل بالبرواقيـة. رسـالة ماجسـتير. قسـم العلـوم الاجتماعيـة. كليـة العلـوم الانسـانية والاجتماعيـة. جامعـة محمـد خيـضر بسكرة.

الشـديفات، أمـين جابـر و الرشـيدي، منصـور عبدالرحمـن. (٢٠١٦) العوامـل الاجتماعيـة المؤثـرة في ارتـكاب الجريمـة في المجتمـع الأردني مـن وجهـة نظـر المحكومـين في مراكـز الإصـلاح والتأهيـل. مجلـة دراسـات العلـوم الإنسـانية والاجتماعيـة. المجلـد(٤٣). ملحـق٥. ص ص ٢١٢٣-٢١٣٧.

الصالح، مصلح. (٢٠٠٠) النظريات الاجتماعية المعاصرة وظاهرة الجريمة في البلدان النامية. عمان: مؤسسة الوراق.

الصغـير، محمـد بـن حسـن. (١٩٩٧) علاقـة البيئـة السـكنية بالجريمـة: دراسـة ميدانيـة في كل مـن الريـاض والـدار البيضـاء، رسـالة ماجسـتير، اكاديميـة نايـف العربيـة للعلـوم الأمنيـة، معهـد الدراسـات العليـا.

الطخيس، ابراهيم. (١٤١٤هجري) دراسات في علم الاجتماع الجنائي. الرياض: دار العلوم.

العبادي، نضال ياسين الحاج حمو. (٢٠١٤) الوجيز في علم الإجرام. القاهرة: دار الكتب القانونية.

عبدالستار، فوزية. (٢٠١٨) مبادىء علم الإجرام وعلم العقاب. الطبعة الثالثة. الاسكندرية: دار المطبوعات الجامعية.

عبداللـه، نـوري سـعدون. (٢٠١١) العوامـل الاجتماعيـة المؤثـرة في ارتـكاب الجريمـة - دراسـة ميدانيـة في مدينـة الرمـادي. مجلـة جامعـة الانبـار للعلـوم الإنسـانية. العـدد الاول. ص ص ١٦٠-١٣٢.

عدلي، عصمت. (٢٠٠٩) الجريمة والقضايا السلوك الإنحراف بين الفهم والتحليل. الإسكندرية. دار الجامعة الجديدة.

عزيـز، سـامية و عيسـاوي، مازيـا. (٢٠٢١) الجريمـة مـن منظـور سوسـيولوجي – الأسـباب والآثـار. مجلة دراسـات في سـيكولوجية الانحـراف. المجلد(٦). العـدد(٠). ص ص١٢٦-١٤٠.

العكايلة، محمد سند. (٢٠٠٦) اضطرابات الوسط الأسري و علاقتها بجنوح الأحداث، عمان. دار الثقافة للنشر والتوزيع.

علي، مقداد. (٢٠١٩) في ماهية الجريمة. مجلة جيل العلوم الإنسانية والاجتماعية. العدد(٥٩). ص ص ١٢٣- ١٣٥.

علي، يسر انور و عثمان، امال عبدالرحيم. (١٩٩٤) اصول علمي الاجرام والعقاب. دار النهضة العربية: بيروت.

غباري، محمد سلامة محمد. (١٩٨٦) الانحراف الإجتماعي و رعاية المنحرفين و دور الخدمة الإجتماعية معهم. الإسكندرية. المكتب الجامعي الحديث.

القاضي، محمد محمد مصباح. (٢٠١٣) علم الإجرام و علم العقاب. بيروت: منشورات الحلبي الحقوقية.

القحطاني، ذعار بن ناصر دايس. (٢٠٠٨) الخصائص الاجتماعية والاقتصادية للأحداث سارقي السيارات. رسالة ماجستير غير منشورة. قسم العلوم الاجتماعية. كلية الدراسات العليا. جامعة نايف العربية للعلوم الأمنية.

القهوجي، علي عبدالقادر و الشاذلي، فتوح عبدالله. (١٩٩٩) علم الاجرام و علم العقاب. أسكندرية: دار المطبوعات الجامعية.

القهوجي، علي عبدالقادر و محمود، سامي عبدالكريم. (٢٠١٠) أصول علمي الاجرام و العقاب. بيروت: منشورات الحلبي الحقوقية.

ليلة، علي. (١٩٨٢) البنائية الوظيفية في علم الاجتماع والأنثروبولوجيا، القاهرة، دار المعارف.

المحسن، عبدالله عبدالعزيز عبدالله. (١٩٩٤) أثر البيئة الإقتصادية في إنحراف الأحداث غير السعوديين. رسالة ماجستير. قسم العلوم الاجتماعية. المعهد العالي للعلوم الامنية.

محمد، محمد زين علي. (٢٠١٨) آثار المتغيرات النفسية والاجتماعية الدالة على تعاطي المخدرات وعلاقتها بالالتزام الديني- دراسة وصفية لرؤي طلاب كلية التربية بجامعة السودان للعلوم والتكنولوجيا. مجلة العلوم التربية. رقم.١٩ العدد(٢). ص ص.٧٥-٦١.

المراغي، احمد اللاه. (٢٠١٨) الظاهرة الإجرامية – دراسة تحليلية تأصيلية مقارنة لأسباب الجريمة. الجيزة: مركز الدراسات العربية.

المشهداني، أكرم عبد الرزاق. (٢٠٠٥) واقع الجريمة و اتجاهاتها في الوطن العربي. الرياض. جامعة نايف العربية للعلوم الامنية.

المشيخص، عبدالعظيم نصر. (٢٠٠٥) الانحرافات الاجتماعية – مشكلات و حلول. بيروت: دار الهادي.

المعبدي، محمد علي عايض. (١٤١٧هجري) الخلفية التربوية والاجتماعية لمرتكبي الجريمة. قسم التربية الإسلامية والمقارنة. كلية التربية. جامعة أم القرى.

معتوق، جمال. (٢٠١٤) مدخل إلى علم الإجتماع الجنائي: أهم النظريات المفسرة للجريمة والإنحراف. القاهرة. دار الكتاب الحديث.

المغربي، سعيد. (١٩٩٦) انحراف الصغار. القاهرة. دار المعارف.

منصور، أسحق ابراهيم. (١٩٩١) موجز في علم الإجرام وعلم العقاب. الطبعة الثانية. الجزائر. ديوان المطبوعات الجامعية.

مهند محمد منصور البطوش. (٢٠٢٠) الآثار الاجتماعية والاقتصادية المترتبة على جرائم الاحتيال والشيك من غير رصيد في المجتمع الأردني من وجهة نظر المحكومين في مراكز الإصلاح والتأهيل. مجلة التربية-كلية التربية بالقاهرة-جامعة الازهر. العدد(١٨٨). الجزء الثاني. ص ص: ٤٤٨-٤٠٨.

ناصر، ابراهيم. (١٩٩٦) علم الاجتماع التربوي. بيروت: دار الجليل للطباعة والنشر.

الوريكات، محمد عبدالله. (٢٠٠٩) أصول علم الاجرام والعقاب. عمان. دار الوائل للنشر والتوزيع.

الوريكات، عايد عواد. (٢٠٠٨) نظريات علم الجريمة. عمان-الاردن. دار الشروق للنشر والتوزيع.

الوريكات، عايد عواد. (٢٠١٣) نظريات علم الجريمة. الطبعة الثانية. عمان: دار وائل للطباعة والنشر والتوزيع.

الياسين، جعفر عبدالأمير. (١٩٨١) أثر التفكك العائلي في جنوح الأحداث. بيروت. عالم المعرفة.

يوسف، يوسف حسن. (٢٠١٣) علم الاجرام والعقاب - الكتاب الأول - الاجرام. القاهرة. المركز القومي للإصدارات القانونية.

**سەرچاوە ئینگلیزییەکان:**

Bernard، Thomas، J. (1979) Theoretical Criminology. (2nd edition). New York: Oxford University Press.

Bosiakoh, Thomas Antwi and Andoh, And Paul K. (2010) Differential Association Theory and Juvenile Delinquency in Ghana's Capital City - Accra: The Case of Ghana Borstal Institute. International Journal of Sociology and Anthropology. Vol. 2(9)، pp.198205-.

Brown, Frederick Howard. (2014) Relative Deprivation Opportunity and Crime: A Study of Young Men's Motivations for Committing Burglary. United States: Pro Quest LLC.

Bruinsma, Gerben J. N. (1992) Differential Association Theory Reconsidered: An Extension and Its Empirical Test. Journal of Quantitative Criminology. Vol (8). No (1). pp. 2949-.

Burke, Roger Hopkins. (2009) an Introduction to Criminological Theory. (3th edition). UK: Willan Publishing.

Cullen, Francis T. and Wilcox، Pamela. (2014) Encyclopedia of Criminological Theory. Thousand Oaks - United States: SAGE Publications.

Durkheim, Emil. (1994) Division of Labor. Translated by: W. D. Hall. London: Macmillan.

Maloku, Ahmet. (2020) Theory of Differential Association. Academic Journal of Interdisciplinary Studies. Vol (9). No (1). pp.170178-.

Newburn, Tim. (2017) Criminology. (3rd edition). New York: Routledge.

Nirmala, Glory. (2009) Criminology Teaching Material. Prepared under the Sponsorship of the Justice and Legal System Research Institute.

Siegel, Larry J. (2016) Criminology: Theories Patterns and Typologies. (12th edition). Boston-USA: Cengage Learning.

Sutherland, Edwin H. (1939) Principles of Criminology. (4th edition). United Stated of America: Lippincott Company.

Sztompka, Piotr. (1986) Robert K. Merton: an intellectual profile. London: Macmillan Education LTD.